YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٤٥ی شوبات ٢٠٢٣ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.45.February2023

# زەمین لەرزە و مرۆڤ بون

**یادنامە**

دیاردە سروشتیەکان کاتێک ڕودەدا کارەساتی گەورەی مرۆیی بەدوای خۆیدا دێنێت ، ئەگەر ژینگە لەسایەی نەزمی نوێی جیهان و سیستەمی سەرمایەداری و ناکۆکی ولاتان بەرەوتێکچونێکی خراپ بڕوا ، دەکرێ بەدەر لە کارەساتە سروشتیەکان ، بە هۆی نەپاراستنی ژینگەوە و بە هۆی هەوڵدان بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایەی زیاتر کۆمپانیا گەورەکان و فرە ڕەگەزەکان ببنە هۆی کارەساتی گەورە لە پەنای کارەساتە سروشتیە قورسەکاندا ، لێرەوە زەمین لەرزەکان کۆمەڵێک وێنەی خورافی و فەیکی تەکنەلۆژیا و کۆمینکەیشنیان بۆ دروست دەبێ بەداخەوە لەپەنای ئەو هەمو سودە گرنگەی پەیوەندی زۆر کات لەم کارەساتانەدا جۆرێک لە مامەڵە بە کارەساتەکەوە دروست دەبێ ، کە هارپ و چەکی نایترۆجینی و ئەتۆمی و شتی سەیرتریش باس دەکرێ تا دەگاتە ئەوەی گوایا گاکەی ژێر زەوی تۆزێ شاخی جوڵاندوە یان ماسیەکە کلکی جوڵاندوە ، سەرەڕای ئەم لێکەوتانەش ئەوەی مایەی خۆشبەختیە ئەو هاوکاریە مرۆیی و فریاکەوتنی مرۆییانە و ئەو پەنجەرانەن کە لێیانەوە هیوایەک بۆ مرۆڤ بون لەژێر ئەم دەوارە ڕەشەی سیستەمی سەرمایەداریدا بونی هەیە.

گڵی یاقووتە، تۆزی عەنبەری سارایە بەرزنجە
گیای زمرووتە، بەردی گەوهەری یەکتایە بەرزنجە
لەلای کوێر گەر بینای وەک دۆزەخە، ئەمما لەلای چاوساغ...
وەکوو قەسر و قوسووری جَنَّةُ المَأْوِيه بەرزنجە
مەتافی یادگاری شێری یەزدان و حُسَيْنَيْنه
زیارەتگاهی ئالی حەزرەتی طاهایە بەرزنجە
نەوەک هەر کانیاوی عەینی شەهد و شیر و تەسنیمە
درەختیشی لەلای ئەربابی خۆی «تووبا»یە، بەرزنجە
بڵێ ڕووی تێ نەکەن دەجاڵ و فیرعەونی زەمان، بێخود
کە جەولانگاهی شێخ عیسا و شێخ مووسایە بەرزنجە...

**بێخود**







عیماد عەلی: کوردستان چۆن پەند لەم بومەلەرزانە وەردەگرێت ... ل٢
بێ کورد بردنەوە مەحاڵە ... ل٣
پەروەردە، ڕۆڵی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە ... ل٤
کارەساتی بوومەلەرزە ... ل٥
هەرەس ... ل٦
گەنجان خەون بە هاوسەرگیرییەوە دەبینن ... ل٨
عەبدوڵا ڕەسول مەولود ... ل٩
شۆڕش یان ڕیفۆرم ... ل١١
کاردانەوەی ئەردوغان بۆکارەساتەکەی تورکیا کوشندەیە ... ل١٢
کەڵەشێرە ژیرەکە ... ل١٣
خەیاڵ و خاوەر ... ل١٤
پۆلیسی تاوڵە سواری ... ل١٦
یەکەم خاتوون لەمێژووی عێراق کەنیردرا بۆ خوێندنی ماستەر بۆ وڵاتی ئەمەریکا ... ل١٧
فاتە کوردە ... ل١٨
ڕۆژنامەی کوردستان ... ل٢١

# عیماد عەلی: کوردستان چۆن پەند لەم بومەلەرزانە وەردەگرێت؟

لە ساڵی 1960 بومەلەرزەیەک بە گۆڕی 9.5 پلە بە پێوەری ریختەر لە باشووری چیلی دا و کارەساتی قەوماند، ئیتر لەو رۆژەوە کەسێک لەوێ ئەو کارەساتەی نەخستە دەست قەدەر و بەخت و خوداوەند و ویست و کردەوەکانی، یان بیخەنە سەر رەفتاری خەڵکەکە و وباوەڕەکەی و شتی خوراڤی و دوور لە راستیەکان، ئەوان زانستیانە و واقعیانە رووداوەکەیان خوێندەوە و هەنگاوی نزیک و دوورمەوداشیان دانا. سەرەرای نەداری و کەمی سەرچاوەی دارایی و هەژاری، چیلی لەو رۆژەوە قۆناغێکی دیکەی جیاوازی لە قۆناغەکانی پێشتری لەهەموو بوارەکاندا گرتەبەر. لە پێش هەموو شتێکەوە، پەروەردە و ئاوەدانکردنەوە و پلاندانان و توێژینەوەی زانستی و رۆشنبیری گشتی خەڵکەکە و زانیاری تایبەت بە بومەلەرزە و رێگەکانی خۆپاراستن لە ئەرکە سەرەکیەکانی حکومەتەکانی چیلی بوون. ئەوەی پەیوەندی بە ژێرخانی ئابوورییەوە بێت لەسەر رێژەی هاتنەئارای ئەگەرەکان کاری خۆیان بەردەوامی پێدەدەن و تا ئێستا زۆر شتیان گۆڕیوە و کەلی چیلیش ئەو شێمانەیەی لە بینا و تەلارەکان و تەنانەت لە پەروەردە و قسەکردن لەگەڵ منداڵاندا لەبەرچاو گرتووە.

بۆیە پێش روودانی ئەم کارەساتانە دەبێت دەسەلات و خەڵکی خەمخۆری کوردستانیش زۆر شت لەبەرچاو بگرن، تەنها بۆ ئێمە نا، بەڵکو بۆ نەوەکانی داهاتووش ئەوە بزانن کە ئێمەش لەسەر ئەو هێڵەین و دەبێت هەموو شتێک لەوبارەوە لەبەرچاو بگیرێت و رۆژکێ ئەمەش نەیەتە سەر هەموو نەهامەتیەکانی وەکو ئەنفال و کیمیاباران و قرکردنی کورد، ئەگەر تا ئێستا ئەم رووداوە بە مێشکماندا گوزەری نەکردووە با لەمەودوا لەبەرچاوی بگرین و ئەوەی پێویستە بۆ ئەگەرە دوورمەوداکانیش کاری لەسەربکەین. چۆن؟

* لە رووی پەروەردەوە، دەبێت لە منداڵیەوە تەنانەت لە باخچەی منداڵانەوە زانیاری بدرێتە منداڵان و چۆنێتی خۆپاراستن بخرێتە پرۆگرامەکانەوە و خەڵک لەسەر ئەو خۆپارێزیانە رابێن کە زیانەکان کەم دەکاتەوە.
* لە باری بیناو تەلارسازیەوە ئەو مەرجە زانستیانە لەبەرچاو بگیرێت و هیچ مۆڵەتێک بە وەبەرهێنەران نەدرێت ئەگەر سەرجەم مەرجەکان لە تەلارسازی و بیناکانیاندا لەبەرچاو نەگرن و سزای قورس بۆ سەرپێچیکار دابنرێت و بەم تەلارانەدا بچنەوە کە بەگەندەڵی و بە بێ مۆڵەتی زانستی راستەقینە بونیتانراون و ئَستا خەڵکی تێدا دەژێت و لەو بارەوە هیچ مەرجێکی سەلامەتی تێدا نیە.
* بۆ سودبینین لە وڵاتانی دیکە لەم بارەوە شاندی زانستی سەردانی جاپۆن و جیلی و وڵاتانی خاوەن زانیاری دیکە بکەن و راسپاردەی زانستی لەوێوە وەرگرن و لێرە سودی لێببنین.
* هەوڵبدرێت توێژینەوەی زانستی لە زانکۆکانمان لەم بارەوە زۆرتر بکرێت و باری تایبەتی کوردستان بخوێنرێتەوە و ئەگەرەکان و چارەسەرەکان دیاری بکرێن.
* لەم بارەوە گرنگی زیاتر بە زانستی جیۆلۆجی و ئەندزیاری بدرێت و روونکردنەوەی زانستیانە دەربارەی بومەلەرزە و هۆکارەکانی بدرێت و خەڵک ئاگادار بکرێتەوە لەو خوراڤاتانەی کە خەڵکانی نابەرپرس بۆ مەبەستی ئایینی و ئایدیۆلۆجی و سیاسی و حزبی پەنای بۆ دەبەن.

بۆیە خەڵکی عاقڵ پەند لەویتر وەردەگرێت پێش ئەوە ی هیچ رووداوێک بەسەر خۆیدا بێت. کوردستانیش نەهامەتی کەمی نەبینیوە، بۆیە خوێندنەوەی ئەگەرەکان و خستنەبەردەستی چارەی پێشوەختە رێگەی راستت پیشان دەدات.

**لە وتاری کورد وەرگیراوە**





## بەفر

دایە بەفر زۆر جوانە
کلوی سپی و نیانە
بێگەردە وەکو مناڵ
بوو بەمیوانی ساڵ
چاوەڕێین و داباریٚ
وەکو پاربێتە خواریٚ
دنیا سپی پۆش بکا
دڵی ئێمە خۆش بکا
شەڕە تۆپەڵیش دەکەین
پەنجەکانمان سڕدەکەین
تۆپەڵ دەگرینە یەکتر
نایکەین کڵاووچەتر
ئەمڕۆ ڕۆژێکی شادە
خەمی دڵمان بەبا دە
بەخێر بێی میوانی جوان
بێگەردی و پاکی یەزدان
بەفر خۆی نمایشکرد
دڵی هەموانی خۆشکرد.

**ڕەووف محەمەد ئالانی**



# بۆ کورد بردنەوە مەحاڵە

## چوار کاندید بۆ ڕکابەری ئەردۆغان "زەمەن"

دەنگدەران لە تورکیا چاوەڕوانی هاوپەیمانی شەش قۆڵین، بۆ ئەوەی کاندیدی خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و کێبڕکێی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا ڕابگەیەنێت، ئەمەش لە کاتێکدایە ناوی چوار کەس دەهێنرێن، دیارترینیان سەرکردە لە پارتی گەلی کۆماری ئۆپۆزسیۆن، کەمال کلیچدارئۆغڵۆیە.

لە کاتێکدا مشتومڕ گەرمە سەبارەت بە دواکەوتنی ڕاگەیاندنی کاندیدی پارتەکانی "مێزی شەش حزبی" کە بە "هاوپەیمانی نەتەوە" ناسراوە بۆ کاندیدەکەیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتیتورکیا، تورگوت ئۆغڵو شرۆڤەکاری سیاسی تورکیا، ڕایگەیاند کە ناکۆکی لەسەر ناوی پێشنیار کراو هەیەو چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەی هەفتەی یەکەمی مانگی شوباتدا کاندیدی سەرۆکایەتی یەکلایی بکرێتەوە.

ئەو هاوپەیمانییە شەش لایەنە پێکدێت لە پارتی گەلی کۆماری بە سەرۆکایەتی کەمال کلیچدارئۆغڵو، پارتی دیموکراسی و پێشکەوتن بە سەرۆکایەتی عەلی باباجان، پارتی دیموکرات بە سەرۆکایەتی گولتەکین ئویسال، پارتی سەعادە بە سەرۆکایەتی تەمێل کاراموڵا ئۆغڵو، پارتی ئایندە بە سەرۆکایەتی ئەحمەد داود ئۆغڵو و "ئی پارتی " بە سەرۆکایەتی مێرال ئاکشەنەر.

ئەم سەرکردانەی پارتەکان لە ٢٦ی ئەم مانگە کۆبونەوە بۆ تاوتوێکردنی کۆدەنگی سەبارەت بە کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار و پلانی هاوپەیمانی بۆ یەکلاکردنەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کە بڕیارە لە ١٤ی ئایار هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار ئەنجام بدرێت.

سەرکردەکانی هاوپەیمانان ڕایانگەیاند کە لە هەفتەی یەکەمی مانگی شوباتدا کاندیدی سەرۆکایەتی تورکیا ڕادەگەیەنن.

چوار ناو بۆ سەرۆکایەتی

جیاوازی پێکهاتەکانی ئەم هاوپەیمانییە لەسەر کاندیدێك دەگەڕێتەوە بۆ پاڵپشتی مێرال ئاکشێنەر سەرۆکی ئی پارتی، بۆ کاندیدکردنی ئەکرەم ئیمامئۆغڵو سەرۆکی شارەوانی ئەستەنبوڵ و دیارترین نەیاری سیاسی ئەردۆغان، لەگەڵ پشتیوانی بۆ مەنسور یاڤاس سەرۆکی شارەوانی ئەنقەرە.

ئەکرەمئۆغڵو ڕووبەڕووی قەیرانی یاسایی بووەوە. لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ڕابردوودا دادگای تورکیا سزای 31 مانگ زیندانی بەسەردا سەپاند، هاوکات کاندیدبوونی یاڤاش بە باکگراوندێکی ناسیۆنالیستی قەیرانێک پێکدەهێنێت، چونکە ڕەنگە ببێتە هۆی دووڵی کوردانی ناوخۆی تورکیا، بە وتەی کاراموڵا ئۆغلۆ ئەو شرۆڤەکارە تورکە.

سەرەڕای ئەوەی مێرال ئاکشێنەر گڵۆپی سەوزی بۆ کاندیدبوونی کەمال کلیچدارئۆغڵو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا هەڵکرد، بەڵام بە گوێرەی میدیاکانی تورکیا ناوی ئیلهان کیسچی جێگری پارتی گەلی کۆماری و پەرلەمانتاری پێشوو خراوەتەڕوو.

دیارترین کاندید و مەرجەکانی

کەرەمەلا ئۆغڵو پێی وایە بونی ئەم چوار ناوە تەڵخیەکی خستوەتەسەر یەکلابونەوەی هاوپەیمانی شەش حزبی لەسەر کاندیدێك، بەڵام نزیکترینیان تا ئێستا کەمال کلیچدارئۆغڵو سەرۆکی پارتی گەلی کۆمارییە.

بەڵام کۆدەنگی لەسەر کلیچدارئۆغڵو پێویستی بە هەماهەنگیی هەیە لەگەڵ دەنگەکانی پارتی دیموکراتی گەلان "هەدەپە" بۆ دڵنیابوون لە یەکلاکردنەوەو بردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی.

بە وتەی لایەنگرانی کیلیچدارئۆغڵو کەسایەتییەکی کاریزمای هەیە، هەروەها متمانە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی تورکی هەیە، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناوخۆی تورکیا.

# زمان وەک هێزی مانەوەی نەتەوە

## فارس نەورۆڵی

مەبەستمان نییە پێناسەی زمانی دایک بکەین بەڵکو دەمانەوێ هۆکار و مێژووی ڕۆژی زمانی دایک و زمان وەک هێزی مانەوەی نەتەوەکان باس بکەین. مێژووی زمانی دایک دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٢).

پاش سەربەخۆیی هیندستان لەساڵی (١٩٤٦) دواتر پاکستان لە هیندستان جیادەبێتەوە، ئەو کات بەنگلادیش بەشێک بوو لەپاکستان و زمانی ئۆردوو زمانی فەرمی هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای پاکستان بوو. بەنگالییەکان ناچارکرابوون بەزمانی ئۆردو قسەبکەن. ساڵی (١٩٥٢) ژمارەیەک قوتابی زانکۆی (داکا) دژی سیاسەتی یەک زمانی خۆپیشاندانیان کرد (١١) قوتابی یان خوێندکار یان فێرخواز یان فەقێ! بەدەستی هێزەکانی پاکستان کوژران. لەساڵی ١٩٥٦ دەوڵەت دانی بەزمانی بەنگالیدا نا و دواتر ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی (١٩٩٩) بڕیاریدا ڕۆژی (٢١)ی شوباتی هەموساڵێکی کرد بە ڕۆژی زمانی دایک. ئەو ڕۆژە بۆ وەبیرهێنانەوەیەک بۆ قوتابیانی بەنگلادیش بە (ڕۆژی زمـــان) دیاری کرا.

مانەوەی هەر نەتەوەیەک زمانە، هەر نەتەوەیەک زمانی لەدەسدا جوگرافیاو کەلتورو فەرهەنگ و کەلەپوریش لەدەست دەدات. دەوڵەت نەتەوەش لەسەر هەبوونی زمانێک کە خەڵکەکەی دەتوانن قسەی پێبکەن و بیری پێبکەنەوە دروست دەبێت، دەتوانین دوو نمونە بێنینەوە لەسەر زمان و مانەوەی نەتەوە:

١. نەتەوەی کورد سەرەڕای ئەو هەموو داگیرکاری و ستەمکارییەی داگیرکەران، کە هەوڵی تواندنەوەیان داوە بەڵام خۆڕاگر بووەو کە لەناونەچووە یەکێک لە هۆکارەکان زمانی شیرینی کوردی بووە.


٢. میسرو بەشێک لەدانیشتوانی فەلەستینی ئێستا بەڕەچەڵەک عەرەب نەبوون و(قیبتی) بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی زمانەکەیان لەدەست داوە ئێستا وەک بەشێک لەعەرەبیان لێهاتووە. کەواتە زمان کەرامەتی نەتەوەیە چونکەنەتەوە زمانی دایکی سڕایەوە بونی نەتەوەییی نامێنێت!

پێویستە ئەوەش بڵێین زمانی کوردی بە بەراورد لەتەک (١٠٠) ساڵ پێش ئێستا زۆر گەشەی کردووە دەوڵەمەند بووە بەوشەی نوێ، بەڵام نەبوەتە زمانێکی مۆدێرن چونکە زمانێک ستاندار نەکرێت نابێتە زمانێکی مۆدێرن.

ئەم ناستانداریییەی زمانی کوردی چەندە پەیوەندی بەداگیرکەرانەوە هەیە هێندەو زیاتریش پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەیە، چونکە لەهیچ شتێکی ناوخۆدا یەک قبول ناکەین. ئەمەش پەیوەندی بەبیرکردنەوەی سیاسی کورت مەوداوە هەیە و بگرە لەناو کایەی سیاسیدا هیچ گرنگی بەم مەسەلەیە نادەن.

بۆیە لە ڕۆژی زمانی دایکدا داوا لەهیچ سیاسیەک ناکەم کە کار بکات بۆ بەستاندارد کردنی زمانی کوردی، چونکە دۆخی سیاسی ناوخۆ ئەوەندە نا تەندروستە تواناى ئەو جوڵانەی نیە و تەنها لەڕۆژی زمانی دایکدا دەڵێم سوپاس بۆ ئەو مامۆستایانەی فێری خوێندن و نوسینی کوردییان کردم و شانازیش دەکەم کە کوردم و بەزمانی شیرینی کوردی قسە دەکەم و تا ئەم زمانەش بمێنێ کورد هەردەمێنێ.

NRT



# پەروەردە، ڕۆڵی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە

## ڕەووف محەمەد ئالانی



پێشکەوتن، بەمانا لۆجیکیەکەی واتە، تێپەڕاندن و بەردەوام بوون، یان هەنگاونان بۆ دەرچوون لەدۆخێکی خراپ و وەستاو، بۆ قۆناغێکی باشترو گەشاوەترو پێشکەوتووتر. هەرکایەو لایەنێک بگری و بەپێوەرە زانستیەکان، هەڵسەنگاندنت بۆئەنجامدا، ئەنجامەکەی ئەوە دەرئەخات، تاچەند توانراوە، گۆڕانکاری بەپێی پلان و بەرنامەی زانستی بەئەنجام بگات، ئەم هەڵسەنگاندنە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک و لە وولاتێکەوە، بۆ وولاتێکیتر، جیاوازە بەپێی ئەو نەخشەو سیستەم و یاسایانە، ئاستی زۆری و کەمی و باشی و خراپی ئەو گۆڕانکاریە، دەردەخات.

دنیای شارستانی وپێشکەوتن، وابەستە وگرێدراوی پەروەردەیە، هیچ وولاتێک گەشەناکات و پێشناکەوێت، تا خەمی پەروەردە و فێربوون نەکاتە، ئامانجی یەکەم، مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لەو وانانەی کە بایەخی پەروەردە و گرنگیپێدانی شادیکردوون بە سەرفرازی و لوتکەی پێشکەوتن و ژیانی شایستە.

هەر نەتەوەومیللەتێک ڕووەو ئاسۆهەنگاوینا، هیچ گومانێک نامێنیت، بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە ئاکام.

وەک (نەک براون) دەڵێ: (بۆ مانگ بڕۆو هەنگاو بنێ، ئەگەر شکستت هێنا، لە نێو ئەستێرەکاندا دەنیشیتەوە) ئەم وتەیە ئاماژەیەکی ڕاست و ڕوون و ڕەوانە، کاتێ مرۆڤ بە پلان و بەرنامەو هیواوە، کاربکات و هەنگاوبنێ، بە خواستەکەی دەگات، (کامەران موکری) شاعیری کورد بۆ ئەم مەبەستە، دێڕێکی جوانی هەیە دەڵێ:

هەر کاروانێ، بۆپڕشنگی خۆر بڕوانێ
کەم بن یان زۆر، لەئەنجاما ئەگەنە خۆر

کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان، لەئێستادا وەک کۆمەڵگاکانی سەدەی شانزەو حەڤدەی ئەوروپا وان، کە خۆیان وابەستەی پەروەردەی کۆن و دواکەوتووکردوە، بۆیە تا ئەو دۆخە نەگۆڕن و ئاراستەکەیان ڕووەوهاوچەرخ بوون نەکەن، هەربەوجۆرە دەمێننەوە، هیچ شتێک لەچاوەڕوانی بێ کرداردا نایەتە بەر دەستت، بۆیە(بیل کۆسبی)دەڵێ:( چاوەڕێی ئەو دەرفەتە نائاساییە مەکە بێتە لات، بەڵکو دەرفەتە ئاساییەکان وەربگرە وگەورەیان بکە).

بۆساڵی ٢٠٢٣ لەپۆلێنکردنی دە دەوڵەتی جیهان کە ئاستی پلەبەندیان بۆ گەشە کردن و پێشکەوتوویی بواری پەروەردەو فێربوون، لەلایەن زانکۆی(سێنترالَ کوینتیکت)ی ئەمریکی ئەنجامدراوە، ڕیزبەندیەکە بەمجۆرەی خوارەوەیە:

* کۆریای باشوور پلەی یەکەمی گرتووە
* ژاپۆن پلەی دووەمی پێدراوە
* سەنگافورا لە پلەی سێیەمدایە
* هۆنک کۆنگ پلەی چوارەم
* فینلەندا پلەی پێنجەمی گرتوە
* وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە پلەی شەشەمدایە
* کەنەدا پلەی حەوتەمی گرتووە
* هۆڵەنداش کەوتۆرە پلەی هەشتەم
* ئێرلەندا لە پلەی نۆهەمدایە
* پۆڵەندا دوا پلەی پێدراوە کە ژمارەی دەهەمە

ئەم پۆلێنکردنە بۆ ئەو وولاتانەیە کە گرنگی زۆر بە پەروەردە وفێربوون ئەدەن، ئەم وولاتانەی لەمەڕ خۆمان ناچنە ناو چوارجێوەی ئەم پۆلێنانە، چونکە لێرە ئەوەی جێناگرێ و نابێتە جێی سەرنج وبایەخی پێنادرێ، ڕەخنەو پێشنیاری زانستییە، بەڵام ئەو وولاتانەی دەچنە پلەبەندی و پۆلێنبەندی گرنگی زۆر بە پیسنیارورەخنە دەدەن و کاری لەسەردەکەن بۆ گەشەسەندن و ڕەخساندنی دەرفەتی باشترتا دەگەن بەوەی مەبەستیانە، کە پەروەردەیەکی هاوچەرخ و مۆدێرنە، لە پێناوشادبوون بە خۆشنوودیی و دادپەروەری .

کاتێ گویی خۆمان لەئاستی ڕەخنە بئاخنین، هیچ هەڵوێستێکمان نەبێت ، دەگەین بەوەی کە ئێستایە و ناومان ناچیتە ناو کولەکەی تەڕیش، بۆ ئەم حاڵەتە وتەیەکی (ئەلبێرت هابارد) دەهێنمەوە، کە دەڵێت:

( بۆ ئەوەی لە ڕەخنە دوور بکەویتەوە، هیچ مەکە، هیچ مەڵێ و هیچ نەبیت).

بەو هیوایەم ئێمە شت بین، ئەویش کاتێک کە، شت بکەین و شت بڵێین، بەڵام کەی و چۆن و بەچی دەگەین بەو ئامانجە بەرزە؟ دڵنیام هەرکات ئەوەمان کرد وئەنجامماندا، لەخەم دەرەخسێین وشاد دەبین بەو خەونەی لە ئێستادا لامان مەحاڵە.

# ئۆپەرێت بۆ منداڵان..

## شەنگە و دارا

نوسینی / عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

دایک: کوڕم دارا، کچم شەنگە...........هەستن لە خەو،کات درەنگە

دارا: بەیانیت باش دایەی شیرین .....مایەی خۆشی و گوڵی ئەوین

شەنگە: بەیانیت باش دایەی دڵسۆز.......خۆشەویست و دڵ پڕ لەسۆز

هەردووکیان: دایە ئێمە زوو هەستاوین........لەڕێی دەنگی تۆ وەستاوین

ئێمە چونکە زوو دەخەوین.......خەمت نەبێ دوا ناکەوین

دایک: ڕۆڵەکانم،هێزی دڵمن.....
لە باخی ژین،ئێوە گوڵمن
وا باوکیشتان چاوەڕوانە....
بتان بات بۆ قوتابخانە

شەنگە: با جێگەکانمان هەڵگرین...
ئەوساکە دێین دایەی شیرین

دارا: من دەچم بۆ تەوالێت....
نابێ لەبیرم بچێت دوایی دەست و دەم و چاو......دەشۆم بەسابون و ئاو خاولێکەی خۆیشم دەبەم.....
وەک ڕۆژانی تر دەکەم

شەنگە: دارا گیان منیش وەک تۆ....
زۆر هێمن و لەسەرخۆ
ئەوانە ئەنجام ئەدەم....
منیش وەکو تۆ دەکەم

دارا دەڕوات و خاولییە بچوکەکەی خۆی بە دەستەوەیە ، دوایی دەچێتە چێشتخانەکەو دەڵێت:
بەیانیت باش بابە گیان...
بەیانیت باش دایە گیان
خوا بتان هێڵێت بۆمان...

لەم کاتەدا دەچێت ئەملاو لای هەردووکیان ماچ دەکات و ئەوانیش بەهەمان شێوە ماچی دەکەن..

لەم کاتەدا شەنگەش پەیدا دەبێت و دەڵێت: بەیانیتان باش ئەی بابە و دایە خۆشەویست ترین کەس لەم دنیایە ئەویش دەچێت وەکو دارای برای ئەملاولای باوک و دایکی ماچ دەکات..ولەسەر مێزی نانخواردن دادەنیشێت.
بەخێرایی نانی بەیانی دەخۆن.

باوک: نان خواردنی بەیانیان....سوودی زۆرە بۆ هەمووان
تا زیرەک و وریابن.....لە خوێندن بە ئاگابن

دایک: دەی خیراکەن زووبەزوو....
.خۆ ئامادەبکەن هەردوو بڕۆن بۆ قوتابخانە......
دووەم ماڵی هەمووانە.



# کارەساتی بوومەلەرزە.. لە سەڵماس و پێنجوێنەوە تا خارپێت و مەرەش

## بوومەلەرزە لە مێژووی کوردستاندا

زەمەن




هەروەک مێژووە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی، مێژووی بوومەلەرزە لە کوردستان تاڕادەیەکی زۆر گوماناوە زۆر کەم ئەو کارەساتە سروشتییانە نووسراونەتەوە کە بەهۆی بوومەلەرزەوە تۆمارکراون.

گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتی فەرەنسی (هێنری بایەندەر) لەو گەشتەیدا کە ساڵی ١٨٦٥ ئەنجامیداوە و بە باکوورو بەشێکی باشووری کوردستاندا تێپەڕیوە، ئاماژەیەکی کورت دەدا بەوەی کە لە ناوچەی (وان) ئاسەواری وێرانەی بومەلەرزەی بینیوە. بەڵام نەیزانیوە گوڕی ئەو بوومەلەرزەیە چەندبووەو چەند کەسی کوشتووە.

مێژوویەکی نزیک و نووسراو

ناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٣٠ شارۆچکەی سەڵماسی سەر بە پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی بوومەلەرزەیەکەوە تەختی زەوی بوو. دەگوترێ لەو کارەساتە سروشتییەدا نزیکەی سێ هەزار کەس گیانیانلەدەستدوە و هەزارانی تر بریندداربوون.

تا ساڵانێکی زۆرتر سەڵماس بە وێرانەیی مایەوەو دواتر دانیشتووانەکەی دەستیانکردەوە بە ئاوەدانکردنەوەی.

تائێستا تەنیا بوومەلەرزەیەک لە کوردستاندا زۆر کاریگەری هەبووەو چیرۆکی کارەساتەکەی نووسراوەتەوە یان گێردراوەتەوە، ئەو بوومەلەرزەیەبوو کە شارۆچکەی پێنجوێن لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی لەراندووەتەوە.

بوومەلەرزەکەی پێنجوێن نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٤٦/٨/٨ ڕوویداوەو تێدا زیانێکی زۆر بە خانووی دانیشتووانەکەی ئەو شارۆچکە سنوورییە کەوتووە. بەپێی گێڕانەوەی ئەوانەی ڕووداوەکەیان لە بیربووە، گوڕی ئەو بوومەلەرزەیە ٥ پلەبووە، بەڵام چونکە خانووەکانی ئەو کاتە بە بەرد و قوڕ و دار دروستکراون، بەرگەی ئەو لەرینەوەیان نەگرتووەو زۆربەی زۆریان دارماون. بەهۆی ئەوەی کاتەکەی ئەوە نەبووە کە خەڵک زۆرینەی لە ماڵەوەبن بەڵکو لە دەشتودەر و ئیشوکاربوون، چەند کەسێک بریندداربوون. بەڵام خانووەکانی تێکداوەو خەڵکی ئەو شارۆچکەیە تەواو پەشۆکاون و ئاوارەو سەرگەردان بوون.

کارەساتی بوومەلەرزەکەی پێنجوێن بە ڕادەیەک دەنگی دایەوە کە لە سلێمانی و چەند ناوچەیەکی تر، پیتاک و یارمەتی بۆ خەڵکە لێقەوماوەکەی کۆکراوەتەوەو، شاعیر و نووسەران و هونەرمەندان بە شیعر و شانۆ و چیرۆک بەشداری دڵنەوایی خەڵکی لێقەوماویان کردووە.

هەروەها حکومەتی بەریتانی کە ئەوکات عێراق لەژێر ئینتدابی ئەوداابوو، بە پێشکەشکردنی چەندین بەتانی و کەلوپەلی ناوماڵ، یارمەتی خەڵکی لێقەوماو و ئاوارەبووی پێنجوێنی داوە.

برینی بوومەلەرزە لەسەر دڵی وان


مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١١ شاری وان و ئەردیشی دراوسێی لە باکووری کوردستان، بوومەلەرزەیەکی بەهێز رایتەکاندن. کاریگەری ئەم بوومەلەرزەیە بەجۆرێک بوو کە بەشێکی زۆری خانوو و باڵەخانەکانی ئەم دوو شارە دارمان و سەدان کەس بوونە قوربانی.

وان، بینگۆل، ئەرزنجان و خارپێت لە باکووری کوردستان، لەسەر ئەو هێڵە هەمیشەییەن کە ئەگەری ڕوودانی بوومەلەرزەی بەهێزیان لێدەکرێ. ئەم ناوچانە چەند ساڵ جارێک بوومەلەرزە تێیاندا ڕوو دەدات.

ئەمە ئەو ناوچانەن کە گەڕیدەی فەرەنسی هێنری بایەندەر ئاماژەی بەوەداوە کە ئاسەواری بوومەلەرزەی تێدا بینون.

سەرپێڵی زەهاو

درەنگانێکی شەوی ٢٠١٧/١٠/١١بوومەلەرزەیەکی بەهێز کە لە سەد ساڵی پێشووودا وێنەی نەبووە، شارۆچکەی سەرپێڵی زەهاو لە پارێزگای کرماشانی لەراندەوە. بەهۆی کاریگەری ئەو بوومەلەرزەوە بەشی زۆری باڵەخانەو خانووەکانی ئەو ناوچەیە تەختی زەوی بوون.



خارپێت و مەلاتیەو مەرەش

شەوی ٢٠٢٠/١/٢٤ خارپێت و مەلاتییە لە باکووری کوردستان، بوومەلەرزەیەکی بەهێز لەراندنییەوەو تێیدا نزیکەی سێ سەد کەس مردن و هەزار کەسی تر بریندداربوون.

دەمەوبەیانی ٢٠٢٣/٢/٦ هەردوو بەشی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە بوومەلەرزەیەکی وێرانکەر لەرینەوە، بەپێی ڕاپۆرتە فەرمییە نوێیەکان کە ڕۆژی سێشەممە بڵاوکراونەتەوە، ئەو بوومەلەرزانەی ڕۆژی دووشەممە تورکیا و سوریای گرتەوە، زیاتر لە پێنج هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە.

لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لانیکەم سێ هەزار و 419 کەس و لە باکوری سوریا کەمتر لە هەزار و 62 کەس گیانیان لەدەستداوە، بەپێی سەرچاوە فەرمی و پزیشکییەکان، کۆی گشتی گیانلەدەستدان تا ئێستا لە پێنج هەزار و 21 کەس کەمتر نەبووە.

# هەرەس

## یادی تراژیدیای ئەشکەوتی داری خلە

زەردەی خۆرئاوای 1989/2/19پارتیازانەکان گوێ یان لە هەواڵەکانی دەنگی گەلی کوردستان بوو ،مەلا ئەحمەد و سەلام لەسەر جێگەکەیان راکشابوون سەلام وتی :

-سەید محەمەد ئێستا کاتی پەیوەندی یە بە جیهازەکانەوە .

سەید محەمەد، جیهازەکەی هەڵگرت،بەخێرای هەنگاوی نا بۆ دەرەوەی ئەشکەوتەکە و وتی :

سۆران تفەنگەکەت و دووربینەکەت هەڵگرە.

سۆران دووربینەکەی مەلا ئەحمەدی هەڵگرت ، بەڵام تفەنگەکەی بیر چوو، لە گەڵ سەید محەمەد روویان کردە سەر بەرزایی کەی نزیک ئەشکەوتەکە ، لەپاڵ (رکەی ملەکە ).

سەید محەمەد بە جیهازەکەی پەیوەندی بە جیهازی مەفرە زە پارتزانەکانەوە کرد ..

سۆرانیش بە دوووربینەکەی چاودێری دەوروپشتی دەکرد ، رۆژی پێشووتر سوپای عێراق کێوماڵی چڕی ناوچەکەی کرد بوو.

سەید محەمەد پەیوەندییەکانی تەواو کرد . ، ویستی لە گەڵ سۆران دا بگەڕێنەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکە ، دە هەنگاویان مابوو، لە ناکاو گوێیان لە زرمەیەک بوو، دەنگی دایەوە ، روانیانە خوارەوە ، بەردەمی ئەشکەوتەکەیان بینی هەرەسی هێنابوو، بەتەواوی رووخا بوو..

لەو کاتەدا (مەلا ئەحمەدی کەلار( گەرمیان) ، حاجی حەمید، سەلام (محەمەد حسین)، حەیدەر محەمەد کەریم ، نوری قادر ناسراو بەپۆڵا)، رەحیم رەشید ئەحمەد ، دارا قادر حسین ) لە ناو ئەشکەوتەکەدا بوون).

ناو ئەشکەوتەکە 10 مەتر بەرزو 2 مەتر پان و5 مەتر درێژ بوو، سۆران و سەید محەمەد بە پەشۆکاوییەوە بەرەو کەندڕەکە رایان کرد .،بانگی هاوڕێکانیان دەکرد، وەڵام نەبوو .

سۆران وتی :

-لەوکاتەدا دیمەنەکانی دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژەم بە بیردا هاتەوە ، هەر9 پاریتزانەکە پێکەوە گفتوو گۆمان دەکرد

باسی هەرەس هێنانی ئەشکەوتەکەمان دەکرد، جێ ی متمانە نییە ، بەڵام زنجیرە کێو ماڵە بەربڵاوەکانی سوپای عێراق ، بەناچاری کردین تیا بمێنینەوە ، زۆر جار دەمان وت :

-ئەگەر ئەم ئەشکەوتە بڕوخێ دەبێ بەگۆڕمان

پێش ئەوەی ئەشکەوتەکە هەرەس بێنێت ، مەلا ئەحمەدی گەرمیان گومانی لە روخانی ئەشکەوتە هەبوو.هەر باسی هەرەس هێنانی ئەشکەوتەکەی دەکرد.

سەید محەمد بە بەردەوامی خەریکی خوێندنەوە بوو

ئەو ئێوارە برنج و فاسۆلیان لێ نابوو، هەر پاریتزانێک خەونێکی تایبەتی خۆی هەبوو :

دارا و سەلام و نوری خەڵکی ناوچەی نارینی خوار کفری بوون نزیک جەبەل حەمرین ، دەیان وت:

-ماوەیەکی تر هەر هەمووومان روو دەکەینە ناوچەی نارین ، لەوێ بنەوان ماوە ، درێژە بە جەنگی پارتیزانی و مانەوە دەدە ین.

ئەحمەد زەرداوی دەیوت: :

-ئەم مەفرەزە پارتیزانینانەی گەرمیان لە ئایندەدا دەبنە هەوێنی هێزێکی گەورە بۆنیشتمان-

سەید محەمەد ،ملوانکەیەکی دۆزیبووەوە زۆر دڵی پێ خۆش بوو دەیوت: :

-ئەمە دیارییە بۆ کچە بچکۆلەکە*جوانەکەم.

سەید محەمەد ،وەک جیڤارا خەونی گەورەی هەبوو، زۆر جاری رووی دەکردە پارتیزانەکانی هاوڕێ ی و پێی دەوتن::

-

لە هەر شوێنێکی دنیا دا ستەم و چەوسانەوە هەبێ،

.روو دەکەمە ئەوێ و دەبم بە پارتیز.

هەر ئەو رۆژە پێش ئەوەی ئەشکەوتەکە هەرەس بێنێ ، موکەرەم رەشید و ئەحمەد زەرداوی لە گەڵ ئەو پارتیزانانە دا لە ناو ئەشکەوتەکەدا بوون ، پیان وتن ::



ئێمە دەچین بۆ بنکەکەی خۆمان

کەلو پەلەکانمان دێنین و لای ئێوە دەمێنینە وە

رەحیم رەشید -یش لە گەڵ موکەرەم رەشید و ئەحمەد زەرداوی دا رۆیشت ، بەڵام لە نیوەی رێگا گەڕابووەوە بۆ ناوئەشکەوتەکە و بوو بە ژێر هەرەسەکەوە.

کە ئەشکەوتە کە هەرەسی هێنا سەید محەمەد و سۆران غازی بەرەو لای مکەرەم رەشید و ئەحمەد زەرداوی کەوتنە رێ ، بەرەو بنکەی خۆرئاوای گوندی زاوت کەوتبوونە رێ ، لە نیوەی رێگا بە یەک گەیشتن.

هەرەسی ئەشکەوتەکەی بۆ باس کردن

ئەوان سەرسام بوون ، هەر چواریان پێکەوە ، گەڕانەوە بۆ بەردەم ئەشکەوتەکە ، لەوێ بە تێڕامانەوە ، چەند دڵۆ پە فرمێسکی حەسرەت بە چاوەکانیان دا هاتە خوارەوە

دنیا بەرەو تاریکی دەچوو، هەر چواریان روویان کردە ( بنکەی تەمشیتەکە

ئەو شەوە لەوێ مانەوە

٢٠ / ٢ / ١٩٨٩

لە سەر مەوعیدی جیهاز،سەید محەمەد.بە هەواڵی جەرگبڕی هەرەسی ئشکەوتەکە ،

هەموو پارتیزانەکانی گەرمیانی هەژاند..

پێشمەرگەوجەماوەری تێکۆشەرانی گەرمیان ، دوای نزیکەی 2ساڵ و مانگ ٨ و ١١ رۆژ، بەسەر تراژیدیای هەرەس هێنانی ئەشکەوتی داری خلە ، بە شۆفڵ ، ئیسک و پروسکی هەر 7 پارتیزانەکەیان لە ناو هەرەسی ئەشکەوتەکەدا دەرهێنا ، لە رێورەسمێکی شکۆمەندا.، گەیاندیانە گۆڕستانی کەلارو لەوی بە خاکیان سپاردن.

ئەم کەلوپەلانە لە ناو ئەشکەوتەکەدا وەک خۆیان مابوون :

رادیۆیەکی ناشناڵی یابانی ، چەند کتێبێک ، قەلەم پارکەرێکی خاف ، رادیۆیەکی بچوک ، مۆری تیپی 55-ی قەرەداغ ، شەش تاقم و هەشت مەخزەن و چەند شانەیەک ، چەند لاقە مزەلیەکی ژەنگاوی ، جیهازێکی راکاڵی بچوک ، کڵاو جامانەیەک ، تاکێک گۆرەوی ڕەساسی ، دە پاکەت جگەرەی کیس و مقەبای بەغداد ، تاقمی تەراش و گوێزان ، مەقاشێکی شکاو ، لایتی گەورەو بچوک ، شەش چەقۆ ، حەربەیەک ، شووشەیەک عەتر ، کتریەکی قوپاو ، قۆریەکی شکاو ، دوو پەرداخ ، دوو کەوچک ، شەش مەتارەی قوپاوی ئاو، چەند پێنج دینارییەک ، دە دیناری رزیوو ، رۆژمێرێکی هاوسەری مەلا ئەحمەد کە یادەوەرییەکانی لە ساڵی 1987 -ەوە تا ١٨ / ٢ / ١٩٨٩ تیا تۆمار کردبوو.

مامۆستا عەلی پەرلەمان وهاوڕێکانی و لیژنەکە ، ئەو بەڵگەنامانەیان لە ناو ئیشکەوتەکەدا کۆکردەوە و پاراستیان ، لە لە 1994/3/19دا لە پێشانگایەکی تایبەتی دا، بۆ ماوەی 5 رۆژ بە بۆنەی یادی تراژیدیای هەرەس هێنانی قەڵبەزەی داری خلەوە لە هۆڵی کتێبخانەی کەلار خرانە روو،لە گەڵ وێنەی فۆتۆگرافی پارتیزانەکانی دوای ئەنفالی گەرمیان .

ئەم پێشانگایەیە لە لایەن مەڵبەندی رێکخستنی کەرکوک بەسەرپەرشتی مامۆستا عەلی پەرلەمان خرایە روو،

دوای چەند مانگێک هەمان پێشانگا لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر خرایە روو،

بڕیار بووهەموو ئەم کەلوپەلانەی ئەشکەوتی داری خلە لە مۆزەخانەیەکی تایبەتیدا ، وەک

(سەروەری شکۆی پارتیزانی کورد لە تراژیدیای دوای ئەنفال دا بپارێزرێن)

بەڵام ئەو بریارەیان جێ بەجێ نەکد ،بەڵێنی سەرانی کورد لە شوێنی خۆی دا نەبوو

مامۆستا عەلی پەرلەمان هەموو کەل و پەل و کەرەستەکانی گواستەوەو بۆ کەلار،

لە رۆژە نا ئاساییەکانی 31-ی ئابی 1996دا، کورد ئەو کەرەسەوکەلوپەلانە ئەشکەوتی داری خلەی شوێن بزر کرد .

عەبدوڵا کەریم مە حمود

***سەرچاوە: عەبدوڵا کەریم مەحمود ، رەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی دووەم

سەید محەمەد ی گەرمیان ، دڵی بەو ملونکەیە خۆش بوو وەک دیارییەک، بەدەستی خۆی بیکاتە ملی کچەکەی ،نەی دەزانی هاوسەرو جگەر گۆشەکانی و خەڵکی گەرمیان *وەکەی دەسگیر کراون ، نەیدەزانی ئەوان لە بیابانەکانی ناوەراست و خواروی عێراق، بە کۆمەڵ گولە باران کراون و لە گۆرە بەکۆمەڵەکان دا ، بێ سەروشوێن کراون..

***مامۆستا عەلی پەرلەمان ..پێشمەرگەی دێرین وکادرێکی پشکەوتووی خاوەن هەڵوێستی دیارو روناکبیرێکی خاوەن مەعریفەی خاکی گەرمیان ، کەسێتی یەکی پاکی نمونەیی ، نەفسیەت بەرز وسەر راست و پاک ، پڕاو پڕ لە وەفاو ئەمەک بۆ شەهیدان بۆ گەرمیان ، بۆ نیستمان ، پەرۆش و خەمخۆری گەرمیانی ئەنفالکراو .

لێرەدا من سەچاوەی نوسین و کتێبەی خۆم ، بۆ نوسینی خۆم لێرەدا نوسیوە ، بەڵام کەسانێک نەک نوسەر نین ،ئینشانوسیش نین ،چەندان نوسینیان دزیوم و بە ناوی خۆیانەوە ،بڵاویان کردوەتەوە ، ئەم دیاردەیە کارێکی زۆر نەشیاو دیاردەیەکی زۆرنابەجێ و ناشرینە.



## کورد لە بەرەوڕووبونەوی هەڕەشەکان بێئاگایە!!

محەمەد خۆشناو سایتی ئاوێنە

هەر لەگەڵ دروستبوونی بوونەوە ، مرۆڤ و قەوارە و وڵاتان و کۆمەڵگاکان دووچاری جۆرەها هەڕەشە و تەحەدی سروشت و مرۆیی بوونەتەوە ، هەیە نەیتوانیووە ئەلتەرنادیف بۆ تەحەدیەکان ببینێتەوە و لەئاکامدا دەستەوەستان بووە و داڕماوە و کەوتوە و ، هەشە بەر لەڕوودانی هەڕەشەکە هەستی پێدەکات و چارەسەری دەکات .

زانای بەناوبانگی دەروونی «کارل یۆنگ» باس لە دوو رێگا دەکات بۆ بەرەوڕووبونەوەی هەڕەشە یا هێدمە ، یان وازهێنان و خۆدوورگرتن لە بەرەوڕووبونەوەکە کە سەرەنجام ڕووخان لەبەردەم سەدمەکە دروستدەبێت ، یان گەڕان بەدوای ئیدارەدانی تەحەدیەکە ، فەیلەسوفی بەناوبانگی مێژوو «ئەرنۆلد تۆینبی» هەڵسا ئەم بیردۆزەی لە «زانستی دەروونی » گواستەوە بۆ «زانستی مێژوو » ، تۆینبی پێی وایە کە شارستانیەکان لەسەر دوو پێوەر هەڵدەستنەوە ، تەحەدی و بەدەنگەوەچوون ، هەرچەند بەرەوڕووی تەحەدیەکان ببیتەوە ئەوەندە بەدەنگەوەچوون لەدایک دەبێت ، تەحەدیەکانی سرووشت وەکو لافاو ئەوەی بەرهەمهێنا کە بیر لە دروستکردنی بەنداو بکریتەوە یان دۆزینەوەی تر کە پەیوەست بێت بە تەحەکومکردنە سەر ئاو ، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ئەوەی لێدروست بوو کە بیر لە پێشخستنی تەکنیکی نوێ بۆ خۆپاراستن لە گەرما بە دۆزینەوەی پانکە و سپلیت و ئامیری دیکە بکرێتەوە .

بزاڤی مێژوو و ئەزموونی گەلان ئەوەمان پێدەڵێت کە بیردۆزەکەی تۆینبی ڕاستگۆییەکی گەورە لەخۆوە دەگرێت ، ئەو کەس و وڵات و کۆمەڵگایانەی کە ناتوانن بەرەوڕووی هەڕەشەکانی سرووشت و مرۆیی «ئەوەی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگە دروستیدەکات » ببنەوە چارەنووسیان دارمان و کەوتن و دواکەوتوییە ، یان سرینەوەیە لەسەر نەخشەی جیهان

شێوازی بەدەنگەوە هاتن بۆ هەڕەشەکان هەمەجۆرن ، بە تاچەند و قوڵی دیدگای سەرکردایەتی سیاسی و نوخبەی دەسەڵات جیادەکرێتەوە ، هەیە دیدگایەکی دووربینانەی هەیە و هەڕەشەکە بەر لەڕوودانی دەزانێت ، هەشە درک بە هەڕەشەکە ناکات هەتا ڕوودەدات و هەیە بەرانبەری دەستەوەستان دەبێت ، کارەساتی گەورە لەوەبدایە ئەوەی لەو هەڕەشە و تەحدیانەی کە ڕوودەدەن فێرنابێت و ، ناتوانێت خۆی ئامادەبکات بۆ جاری دادێ ، بۆیە تەحەدیەکان بۆ ئەو گەلە دووبارە و دووبارە دەبنەوە و ، ئەوەی لەدەستیەتی تەنها نقوبوون لە گریان و پاڕانەوە و لەخۆدان و خۆبێشاندان وەک قوربانی وکو گەلی ئێمە .

ئەو کۆمەڵگە و وڵاتانەی کە دووچاری کەمئاوی بوونەتەوە ئەلتەرنادیفی جۆراوجۆریان دۆزیتەوە ، هەر لە شیرینکردنی ئاوی سوور و جارێکی تر بەکارهێنانەوەی ئاو یان ئەو وڵاتانەی زەوی چاندنی کشتوکاڵیان کەمە پێشتیان بە چاندنی ستوونی بەستووە کە پێویستی بە خۆڵ نیە ، بەڵکو لەناو ئاودا دەیچێنن ، کەم وڵات هەیە وەکو ژاپۆن لە لێدانی بومەلەرزەی بەردەوام ، بەڵام ئەوان توانیتیان بەدەنگەوەچوونی هەموو جۆرە هەڕەشەکانی ناپێشبینی کراو ببنەوە و توانیان پاریزگاری لە مرۆڤی خۆیان لە کاریگەری تێکدەرانەی بومەلەرزە و دیاردەکانی تری لەناکاوی سروشت بکەن ، وڵات و شارستانیەکان بەپێی قانونی تەحەدی و بەدەنگەواهاتن هەڵدەستن ، پیردۆزی حەرەکەی مێژوو و ، هەڵسان و کەوتنی نەتەوەکان و ، پێشکەوتن و پاشەکشەی وڵاتان و، بوژانەوە و تێکچوونی وڵاتان لەو دوو پێوەرەیە کە تۆینبی داینا.

جاری وا مرۆڤ دەپرسێت باشە ئەگەر خوانەخواستا کارەساتێکی سرووشتی گەورە بەسەر کوردستان بێت چ ڕوودەدات و دەبێت چیمان لێبێت و چ باجێکی قورسی گیانی و ماددی ئەو کارەساتە دەدەین؟!



## گەنجان خەون بە هاوسەرگیرییەوە دەبینن

دوای ئەوەی هەمووان نوێژی هەینییان تەواو کرد لە مزگەوت وەک ئامادەکاری بۆ چوونە دەرەوە ،ئەلخەتیب مایکرۆفۆنەکەی گرت و بە دەستی ئیشارەتی کرد بۆ ئەوەی لە دانیشتن بمێیننەوە ،وە داوای لە هەموو نوێژخوێنان کرد پێش ئەوەی مزگەوتەکە بەجێبهێڵێت پارمەتی گەنجێکی ناوەڕاستی بیستەکان بدەن کە بە پارە لە نزیکی وەستابوو ، چونکە هێشتا لە سەرەتای کارەکەیدایە و توانای تێچووی هاوسەرگیریی نییە، بەڕاستی هەمووان بەشدارییان کرد و کارلێکیان کرد و سوپاسگوزار و پێزانینیان هەیە .

ئێستاش لەبیرمە کاتێک زۆر لەمەوبەر ڕاپۆرتی هەواڵی جوانم لەسەر کۆمەڵەکان خوێندەوە نوخبەی جۆراوجۆر لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لەخۆدەگرێت کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئاهەنگی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ ئەنجام دەدەن ، ئەو بە هەڵگرتنی هەموو یان بەشێک لە برە پارەی پێویست بۆ هاوسەرگیری بەرەنگاریی گرانی نرخی مارەیی دەبێتەوە ، بەخشینەکان بە درێژایی ساڵ کۆدەکرێنەوە و بە ورياييەوە فرێ دەدرێن ، ئەگەر گەنجەکە هەتیویش بێت و خێزانەکەی مردبن، ڕۆڵی خێزانەکەی دەگێڕن و سەردانی خانەوادەی خاوەن پشکەکە دەکەن.

بە هەمان شێوە ڕۆشنبیران لە کوێن، بە نووسەر و مامۆستای زانکۆ و پزیشکیشەوە، پێویستە زەنگی ئاگادارکردنەوە لێبدەن چونکە منداڵەکانمان دیلن لە ماڵەکانیان لە نێوان چوار دیواردا، بەبێ هیچ ژیانێکی کۆمەڵایەتی ، وە داواکارم بیرەوەرییەکانی ڕابردووی جوانیان بۆ بهێننەوە کە جاران هاوسەرگیری ئاسان و سادە بووە و هەمووان هەست بە دڵخۆشی بکەن.

هەروەها هەندێک کەس دەبێت واز لە ژیان لە خەیاڵدا بهێنن ، زۆرم دۆزیەوە دەڵێن ئەم کارە دەکەین و برە پارەیەک و برەکەی خەرج دەکەن و هەموو ئەم پارەیە قەرزە یان قەرزی بانکە، ماندوو دەبێت و زۆر کار دەکات تا تەواو دەبێت.

**حوسەین عەلی غالب**

## دەوڵەمەندە عەقڵانیەکان و دەوڵەمەندە شێتەکان

فرۆکەوانەکە ڕایگەیاند کە تەنها چەند خولەکێکی تر فرۆکەکە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەنیشێتەوە ، لەگەڵ هەڵسانەوە دەستی لە گیرفانی درێژ دەکاتەوە و جزدانەکەی دەردەهێنێت ، چونکە خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەک کە زۆرێک لە ئێمە دەیکەین کاتێک سەردانی هەر وڵاتێکی بیانی دەکەن ، پارە بە شێوەیەکی هیستریکی خەرج دەکات و فرێی دەداتە سەر هەر شتێک تەنانەت ئەگەر شتێکی بێ بایەخ و هەرزانیش بێت.

من بە شەخسییەت بۆ ماوەی دە ساڵ و نیوێک وەک منداڵانی دیکەی کۆمەڵگە تاراوگەییەکان لە وڵاتانی دەربەدەریدا ژیام،

وە من بینیومە دەوڵەمەندەکانمان وەک منداڵێک مامەڵە دەکەن کە خانووی لوکس دەکڕن و سالانێکە بە بەتاڵی دەیانهێڵنەوە ، وە دەیانەوێت بە هەر شێوەیەک بێت سەرنجیان ڕابکێشن ، وە میدیاکانی ئەوێ وەکو کات بەسەربردن سەرنجیان لەسەرە ، وە کردەوەکانیان هیچ پەیوەندییەکی بە عەقڵ و لۆژیکەوە نییە ، وەک ئەوەی لەم گەردوونە فراوانەدا تاکە کەس بن کە پارەیان هەبێت.

فجارێکیان لە کۆتا ساڵی زانکۆدا بانگهێشت کرام بۆ سیمینارێکی ئەکادیمی ، یەکێک لە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەرمەکاڵاکان بەشداری دەکات کە ئەمریکییە و لە دەیەی چوارەمدایە ،

کە چووە ژوورەوە، ڕەفتارەکانی زۆر سروشتی و خۆبەزلزان بوون ، ڕەتیکردەوە لەسەر سەکۆی بەرز دابنیشێت بەڵکو لەناو ئەو ئامادەبووانەدا بوو وەڵام و کۆمێنتی لەسەر هەموو شتێک دەدایەوە و کارلێکی بەهێزی لەگەڵ ئێمەدا دەکرد ، ئەو لە نزیک و دوورەوە باسی سەروەت و سامانەکەی نەکردووە کە لە بودجەی چەند وڵاتێک بەیەکەوە زیاترە.

دەروونناسان باسیان لەوە کردووە کە ئەم ڕەفتارانە ئاماژەن بۆ بێبەشییەکی تێرنەکراو لە ڕۆحی هەندێکدا ، هەر بۆیە ئەو جۆرە ڕەفتارە منداڵانەیە دەکات ، سەبارەت بەو کەسەی کە قسە ناکات، ئەکاونت و پلانی داهاتووی خۆی هەیە کە بە زۆر هۆکاری تایبەت بە خۆی دەترسێت ئاشکرای بکات.

**حوسێن بابان**

## ئیفلاسی بێدەنگ

هەرچەندە بڕیارێکی قورس و چارەنووسسازە ، بەڵام بڕیاردەرانی لوبنان وڵاتەکەیان بە مایەپووچ ڕاگەیاند گەلی لوبنان بەرەنگاری دەبنەوە تا لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن و ژیان بەردەوام دەبێت ، لە ئاستی جیهانیدا نەمانبینی کە بڕیاردەرەکان ڕابگەیەنن کە وڵاتەکانیان مایەپووچ بوون، تەنها لە ماوەی زۆر کەمدا نەبێت کە حسابیان بۆ پەنجەکانی دەست نەکردبێت.


زۆرێک لە وڵاتان، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مایەپووچ بوون و خەزێنەیان بەتاڵە دۆخی ئەوان وات لێدەکات بگریت، گەلەکەیان ئازار دەچێژێت بۆ ئەوەی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان دابین بکەن، چونکە حکومەتەکانیان توانای دابینکردنی هیچ شتێکیان نییە کە باسکرابێت ، هەمووان دەزانن ئەم وڵاتانە ئیفلاس بوون بەڵام بڕیاردەر پێش ئەوەی درۆ لەگەڵ کەسانی تر بکات درۆ لەگەڵ خۆی دەکات ، بەڵام هیچ ڕاستی و ڕاستییەکی هەڵهاتن نییە بەتایبەتی کە ئابووری جیهانی چاودێری وردترین پێشهاتەکان دەکات.

بڕیاردەری ئەم وڵاتانە پێشبینی ئەوە دەکات کە چارەسەر قەرزکردن بێت ، وە کە سبەی باشتر دەبێت و دوای ماوەیەک ئەو پارەیەی کە قەرزی کردووە دەگەڕێتەوە و کێشەکە لە ماوەیەکی کورتدا کۆتایی دێت ، وە ئابووریناسان ڕایانگەیاند کە زیاتر لە سێ ساڵە جیهان بەهۆی پەتای کۆرۆناوە ماندوو بووە پاشان ئەو شەڕە هاتە ئاراوە کە ڕووسیا دژی ئۆکرانیا بەڕێوەی دەبات و ئابووریناسان ڕایانگەیاند کە بە هیچ شێوەیەک گەشبین نین و ئامارەکانی هەڵاوسانیش گەورەترین بەڵگەیە بۆ دڵسۆزی قسەکانیان.

چارەسەر بۆ من ئەوەیە کە پەیڕەوی لەو وتە زانستییە بکەم کە دەڵێت " یەکەم هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک دانپێدانانە کە بوونی هەیە" ، ئایا بڕیاردەر ئازایەتی ئەوەی هەیە دان بەوەدا بنێت کە شکستخواردوو و توانای ئەوەی نییە هیچ بکات وە وڵاتەکەی بەرەو ئیفلاس بردووە..؟؟

**حوسەین عەلی غالب**







# عەبدوڵا رەسول مەولود

- 1952 لەشاری هەولێر لەدایکبووە.
- 1975 - 1979 بەکالۆریۆسی تەواو کردووە بە پلەی یەکەم لە وێنە کیشان ، لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا.
- 1980- 1986 دەستەی دامەزێنەری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی بووە، لەهەمانکاتدا مامۆستاو سەرۆکی لقی وێنەکێشان بووە.
- 1986 وڵاتی بە جێ هێشت و پاش تێپەربوون بە قۆناغی ئێران و سوریا لە ساڵی 1989 جێگیر بووە لە لەندەن بەریتانیا.
- 2005 - 1989ژیاوە لە لە ندەن وەك پەناهەندە ، کاری هونەری ، (ئلستریێشن و مۆتیڤ )وانەی هونەریشی گۆتۆتەوە
- 2006 تاکو ئێستا مامۆستای وێنەکێشانە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر.
- 2013-1971 شەش پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە لەناو کوردستان و دەرەوەدا.


ئامادەکردنی بەختیار سەعید






Abdulla 2016


Abdulla
86


Abdulla 2003



# *شۆڕش یان ڕیفۆرم؟
## ماركۆزە و پۆپەر
## سیروان حەمەڕەشید



ناوەڕۆکی کتێبی مارکۆزە و پۆپەر ئاشنامان دەکات بە ڕوانگە و دیگای دوو بیرمەندی دیار و کاریگەری خۆرئاوا و قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئەم دوو بیرمەندە بە عەقڵ و فیکر و ڕوحی ڕەخنەگرانە و پارادایم و میکانزمی شۆڕش و ڕیفۆرمخوازییەوە ڕوانیویانەتە زانست و سیاسەت و فۆرمی دەوڵەتداری سیستمی کۆمۆنیزمی و دیموکراسی و لیبرالیزم،

وەرگێڕ لەسەرەتادا دێت دید و بۆچونەکانی مارکۆزە دەخاتەڕوو و ئەوە بیری خوێنەران دەنێتەوە کە مارکۆزە بەباوکی ڕۆحی شۆڕشی خوێندکارانی فەرەنسی ساڵی" 1968" دادەنرێت و "دەڵێت: فەلسەفەی مارکۆزە ڕەخنەییە و یەکێک لەبیرمەندەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەژمێرێت و ڕۆڵی کەمتر نەبوو هەر یەک لە( ماکس هۆرکهایمەر و تیودۆر ئادۆرنۆ) ، لەداڕشتنی کۆی تیۆرە ڕەخنەییەی قوتابخانەی ناوبراو پێ ناسراوە" مارکۆزە تێزەکەی لەژێر ناوی مرۆڤی تاکرەهەندە و لەسەر بنچینەی ڕەخنەیی لەسیستمی سەرمایەداری داڕشتوە و پێیوایە مرۆڤی تاکرەهەند بوارێک بۆ بەختەوەری و ئازادیی ڕاستەقینەی مرۆڤ ناهێڵێتەوە و ئەو دیموکراسی و ئازادییە لەئارادایە چ نییە لەدیموکراسی و ئازادییەکی ڕووکەش نەبێت.

هەرچی کارل پوپەرە بەپێچەوانەوە دژی دۆگماتیزم و لایەنگری پلورالیزم و فرەیی بووە چ لەبواری فیکری و چ لەبواری سیاسیدا، باوەڕی وایە حەقیقەت موڵکی تاکەکەسێک نییە دەبێت مرۆڤەکان لەڕێی گفتوگۆ وە لەیەک بگەن، نەک توندوتیژی...

هەروەها وەرگێڕ "دەڵێت: پۆپەر لەگەڵ ئەو بیرمەندانەدا نییە کەبەناوی مێژووەوە ئەو بەرپرسیاریەتییە لەمرۆڤەکان دەسێنتەوە کەدەڵێن:( مێژوو دەیسەلمێنێت ئەمە وا دەبێت یان وای نابێت ) !؟

دواتر مارکۆزە بەگەڕانەوەی بۆ فەلسەفەی هیگڵ دەیویست بناغەیەکی نوێ بۆ شۆڕش دابەڕێژێت. لەسەر جەوهەری و کرۆکی شۆڕش دیدی خۆی دەخاتە ڕوو "دەڵێت: شۆڕشی ڕاستەقینە تێدا جیهانی ڕوونی خواستەکان و سروشتی ڕاستەقینەی ئادەمیزاد دێتەدی و ئەمەش بەتەنها لەڕێی شۆڕشەوە مەیسەر دەبێت" بەواتایەکی تر مارکۆزە پێیوایە ڕەگ و ڕیشەی خواستە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ وا لەناو نەستیدا یە و تا ئەو دەمەی بە"هۆشیاری"یەوە بەند بێت هیچ جۆرە شۆڕشێک ڕوو نادات، لەچ لەڕووی جەماوەرییەوە بێت، چ لە ڕێی حیزبی "کۆمۆنیست"ەوە ، یاخود لەڕێی هەر ئامرازێکی دیکەوە بێت. مارکۆزە دێت کەلتوری لیبرالیزم بەر نەشتەری ڕەخنە دەدات و پێیوایە لیبرالیزم کەلتورێکی سەرکوتکەرە و ڕێ لەڕەخنەگرتن و گۆڕینی بنەڕەتیی دۆخی هەنوکەیی دەگرێت و لەڕوانگەی مارکۆزە جیاوازی لەنێوان "چییەتی"یانە لەنێوان لیبراڵ و تۆتالیتارەکاندا نییە ، چونکە هەموویان دەچنە خانەی گومڕاکان.


مارکۆزە بۆچونەکانی خۆی زیاتر لەسەر مەیلە ناعەقڵانی و ڕۆژانە دروژانانەکانەوە ڕوون دەکاتەوە . "دەڵێت: لەئەنجامیشدا دەبێ لەڕێی شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکانەوە ئازاد بکرێن." هەروەها لەو سۆنگەیەوە ئەم بیرمەندە مەرجی گەیشتن بەمرۆڤی کامڵ و ڕەزامەندبوونی هەمەلایەنەی مرۆڤ لەجیهانی خواستە دروژنەکان و سیستمی سەرمایەدارییەوە بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنرێت. دواتر نوسەر دەگەڕێتەوە بۆ لای لێکۆلینەوەکانی پۆپەر کە جیاوازی بونیادی و قوڵی لەگەڵ مارکۆزەدا هەیە. لێکۆلینەوەی پۆپەر لەنێوان پۆزەتیڤیزم و مارکیسزمدا ، "دەڵێت : لەبواری بیری سیاسیدا و لەڕوانگەیەکی زانستی و فەلسەفییەوە بەرگریی لەلیبرالیزم و دیموکراسی کردووە لەڕێی بڕوابوون بەپرنسیپی نایەقین. یان گومان"ەوە . دەتوانین ئەوە بڵێین پۆپەر بەرگریکاری بیری ئازادی سیاسی و کێبڕکێ ئازادە و تیۆرریستی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هەنگاو بەهەنگاو و کۆمەڵگەی کراوە و دژی مێژووگەرایی و هەمو ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڕشخوازانەبوو.

* فەلسەف و میتۆدی زانست.

کارڵ پۆپەر لەبواری زانستیدا خاوەنی تیۆرە قابیلیەتی بەدرۆخستنەوەیە ، پێیوایە زانستی کامڵ و بێ خەوش نییە زانست دەرئەنجامی ڕەخنە و پوچەڵکردنەوەیە. بۆیە " دەڵێت: زانست و زانینی زانستییانە ماهییەتێکی بێبرانەوە و بێکۆتایی مەزن ئاسایی هەیە، ناکرێ هیچ تیۆرییەکی زانستی بەتیۆرییەکی تەواو دروست و ڕاستەقینە بژمێرین" تیۆری زانستی پۆپەر لەسەر ڕەخنە بۆچونی وایە " قوناغی ڕەخنەیی نایەتەدی تەنها کاتێک نەبێت پێشتر قۆناغی دۆگماتیکی هەبووبێت" .

هەروەها پۆپەر وردتر لەسەر تیۆری ڕەخنەیی دەوەستێت و "دەڵێت: جیهانی مەعقولەکان بریتین لە .زمان.. ئەدەب.. هونەر.. فەلسەفە.. ئایین.. مافەکان... ئاکار.. زانست .. حکومەت و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی دی"، دواجار وەک پرسێکی بابەتی دەیانخاتە بەر ڕامان و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە. پۆپەر خەسڵەت و بنەمای کۆمەڵگەی کراوە ڕەتکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕ و مێژووگەراکانە، دوا ئامانجەکانی کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی بریتین لە تۆتالیتاریزم و فاشیزم و هۆیەکانی ڕەشەخەڵکە.. هەر لەو ڕوانگەیەوە پۆپەر جەخت لەوە دەکاتەوە "دەڵێت: هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئایدیۆلۆژیا گشتگیر و یوتوپیایی مێژووگەراکان کارەساتاوی و موسیبەتبارە" !! بەڵام بەپێچەوانەوە مارکۆزە وەک بیرمەندێکی ڕادیکاڵ " دەڵێت: دەبێت ڕیفۆرم تاقی بکەینەوە و دەبێ هەموو ئەو ڕێگایانە تاقی بکەینەوە کەلەتوانایاندایە هەژاری و بێدەرتان و تاساندن نەهێڵن."

سەرەڕای ئەوەی پۆپەر سیستمی دیموکراسی بەباشترین چەشن دەزانێت، بەڵام دیدی وایە دەبێت بەردەوام نیگای ڕەخنەمان لەسەر سیستمەکە بێت ،




مەترسی ئەو فیکرە سیاسیە دەخاتە ڕوو کە مژدەیی بەهەشت لەسەر زەوی دەداتە کۆمەڵگە، چونکە پێیوایە ئەو جۆرە مژدانە پێچەوانە دەبنەوە دەبنە مایەی دروستکردنی دۆزخ بۆ کۆمەڵگە..

مارکۆزە تێڕوانینی وایە و "دەڵێت: لەڕاستیدا گرووپێک ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لەجیهاندا شک نابەین بەجۆرێک کەخاوەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن بێت و لەبەردەستدا بێت"

دەرئەنجام:

بیرمەندان کارل و پۆپەر هێبرت مارکۆزە لەدوو دیدیگا و جیهانبینی و فەلسەفیەوە خوێندنەوە و بۆ گۆڕانکاری سیستمی سیاسی دەکەن..

کارل پۆپەر لەسەر بنچینەی ڕەخنەگرانە سیستمی دیموکراسی و لیبرالیزمی پێ گونجاوترە بەمەرجێک لەڕێگەی ڕیفۆرمخوازی بۆ گۆڕانکاری بەردەوامی هەبێت..

هەرچی مارکۆزەیە پێیوایە دەبێت گۆڕانکارییەکان لەبنەڕەت و بونیادەوە بێت و مەیلی شۆڕش بەسەر ستراکتۆری تێزەکەیدا زاڵە و بۆ ئەوەش دەتوانین لە ناوەڕۆکی کتێبی (مرۆڤی تاکرەهەند)ەوە لەفیکر و تێڕمی مارکۆزە باشتر تێبگەین و بیخوێنینەوە..

* سودم لەم کتێبە بینیوە:

ماركۆزە و پۆپەر

نوسینی کتێب: فرانز شتارک

وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

چاپ: دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم...

# کاردانەوەی ئەردوغان بۆکارەساتەکەی تورکیا کوشندەیە

## نوسینی: رووس بین - گایت

وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە: نەوزاد شوانی    سایتی ئاوێنە

دەستەڵاتدارە ئۆتۆکراتەکان (پیاوە بەهێزەکان) لە خراپترین ئاستدان ئەوکاتەی کە هاوڵاتیەکانیان زیاترین پێویستیان پێیانە. کاردانەوەی ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا بو کارەساتی زەمینلەرزەکە کە تورکیا وسوریای گرتەوە نمونەیەکی زیندووە بۆ ئەم راستیە غەمهێنە. ئۆتۆکراتەکان هاوسۆزییان نیە و دەرخستنی هەستی مرۆییانە بە لاوازی ئەژمار ئەکەن. لە هەر بارودۆخێکدا پارێزگاری لە شوێن و دەستەڵاتی خۆیان لە پێشترە لە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان .

قەیرانەکان مەترسیدارن بۆ سەرکردە ئۆتۆکراتەکان، لەبەر ئەوەی پەردە لە سەر بێدەربەستیان لە ئاست سەلامەتی و ژیانی هاوڵاتیان هەڵئەدنەوە و شاردنەوەی ناکارامەیی و گەندەڵیان سەختتر ئەکات.

ئەو تۆنە پراگماتی و دوور لە هاوسۆزییەی ئەردوغان بەکاری هێنا لە وتارەکەیدا بۆ قوربانیانی زەمینلەرزە کە شتێکی سەیرنەبوو و مارەکەی تۆمارکراوی تۆن و شێوازی ئۆتۆکراتەکان بوو کە گووتی ( ئەوەی روویدا روویدا، روداوی وا پلانی قەدەرە)

گومان لەوەدا نیە کە مێژووی مۆدێرنی تورکیا پڕە لە زەمینلەرزەی وێرانکەر، دواترینیان لە ساڵی ١٩٩٩ روویدا. بەڵام ئەمەیان لە ئاستێکی تر بوو، لە رزینی بە پلەی ٧.٨ و ٧.٥ و چەنداها پاشلەرزەی بەهێز ژیان و گوزەرانی زیاتر لە ١٣ ملیۆن مرۆڤ لە تورکیا و زیاتر لە ١٠ ملیۆن لە سوریای خستە مەترسیەوە. ژمارەی گیانلەدەستدان لە سەرووی ٣٦ هەزار کەسەوە کارەساتەکەی دووبەرابەر کردووە. زەمینلەرزەکە باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا و باکوری سوریای گرتەوە ( باکور و رۆژئاڤای کوردستان، وەرگێر) کە سەرباری دانیشتوانەکەی خۆیان شوێنی حەوانەوەی پەنابەرێکی زۆر بوو لە ناوچەکانی تری سوریا و ئێراق. ئەگەری زیاتر ئەوەیە کەشی ساردی زستانە و کەمی خۆراک و پەناگا ژمارەی گیانلەدەستدان سەرووتر ببات.

تویێژەری تورکی (گونوڵ توڵ) بەرێوبەری پرۆگرامی تورکی لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی ناوین لە واشنگتۆن لە سەردانی کەسوکاری بوو لە تورکیا لە کاتی زەمینلەرزەکە. باوکی زاواکەی لە ژێر داروپەردووی ماڵەکەیدا بەگیرهاتبوو و گیانی لەدەستدا بێ ئەوەی هیچ کەسێک یا دامەزراوەیەکی دەوڵەت و حکومەت بێن بۆ یارمەتیدانی، هەتا رێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانیش دیارنەبوون. ئەردوغان وەک زۆربەی ئۆتۆکراتەکان رێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی کرد بە ئامانج بە تۆمەتی سیخوڕی بێگانە و رێکخراوی تیرۆریستی. گونوڵ لە دەبرینی تورەیی و غەمباری خۆی بۆ کارەساتی ملیۆنان خەڵکی بێچارە گوتی ( سادە و ساکار خەڵک جێهێڵران بۆ قەدەری خۆیان).

بێدەربەستی لە کاردانەوەی حکومەت بۆ ئەم کارەساتە کاریگەری گەورەی ئەبێت لەسەرپاشماوە و داهاتووی ئەردوغان. ئەگەری زۆرە تەنها چەند مانگێک لەمەوبەر متمانەی زۆری بوبێت لە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە مانگی مەی داهاتوو سەرباری هەڵئاوسانی لە رادەبەدەر کە گەیشتە ٨٠% لە دیسەمبەری ٢٠٢٢ و زیادبوونی رێژەی هەژاری. راپرسیەکان لە ٢٠٢٢ نیشانیان ئەدا کە هێشتا جەماوەریبوونی ئاکپارتی لە ئاستێکی بەرزدایە و رێژەی بەسندکردنی ئەردوغان ٣٨% دایە.

ناتەبایی لە نێوان ٦ حیزبەکەی ئۆپۆزسیۆن و رێکنەکەوتنیان لە سەر یەک بەربژێر بو پۆستی سەرۆکایەتی ئاماژەیەکی ئەرێنی بوو بۆ ئەردوغان. بە هەمان شیوە تومەتبارکردنی نەیارە سەرکیەکەی ئەکرەم ئیمامئۆغلۆی سەروکی شارەوانی ئەستانپۆل و سزادانی بە دوو ساڵ بەندیخانە فاکتەرێکی تری ئەرێنی بوو بۆ ئەردوغان (ئیمامئۆغلۆ لە ئێستادا سەرقاڵی داوای پێداچونەوەیی یاساییە بە سزاکەیدا).

وەک زۆربەی ستەمگەر و ئۆتۆکراتەکان لە مۆسۆلینیەوە هات ئێستا جەماوەریبوونی ئەردوگان لەوەوە سەرچاوەی گرت کە تازەگەر و رێوشوێنی تورکیا لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی تۆکمەتر ئەکات. لە ٧ی تشرینی دووەم لە کاتی قسەکردن دەربارەی یارمەتیدانی قوربانیانی لافاوەکەی ئەنتالیا ئەیگرماند کە تورکیا ( خێراترین و کارامەترین سیستمی فریاگوزاری کارەساتی هەیە لە جێهاندا)

هەر لە سەر رێچکەی ستەمگەر و ئۆتۆکراتەکانی تر ئەردوغان پرۆگرامی گەشەپێدانی ژێرخان و بیناسازی فراوانی بەکارهێنا بۆ دروستکردنی تۆڕی مەحسوبیەت لەناو سودمەندانی کۆنتراکتەکانی دەوڵەت. کرینی وەلائی ئەو دەستپێرە بانفوزە مانای چاوداخستنیش بوو لە لادانیان لە کۆدەکانی بیناسازی لە پرۆژەکانیاندا کە لە پاش زەمینلەرزەکەی ١٩٩٩ توندتر و تۆکمەتر کران.

ژمارەیەکی زۆر لەو بالاخانانەی لە زەمینلەرزەکە روخان تازە دروستکرابوون، کە بوون بە هۆی بەرزبوونەی تورەیی خەڵک و سەرەنج راکێشان بۆ سەوداو مامەڵەکانی ئەردوغان ( قازانج بۆ دەستبژێر لە بەرامبەر چاوداخستنیان لە سەرکووتی ستەمکار)، سەرباری ئەوەی چەند دەیەیە خاوەن خانوو لە تورکیا باجی زەمینلەرزە ئەدەن بۆ دابینکردنی پێداویستی رێگاگر لە زیان لە کاتی زەمینلەزەدا وحکومەت هیچ ناڵێت دەربارەی چارەنووسی ئەو پارانە.

ئەردوغان وەک سروشتی هەر ئۆتۆکراتێکی تر بۆ لادانی سەرنج لەسەر کورتهێنان و ناکارامەیی خوی و دەستەڵاتەکەی پەنای برد بۆ دەمکوتکردنی خەڵک و سانسۆرکردنیان و بەندکردنیان.



قەدەغەکردنی تۆڕی تویتەر لە رۆژانی پاش کارەساتەکە بو دەمکوتکردنی خەڵک بوو لە رەخنەگرتن لە دەستەڵاتەکەی، دیوەکەی تریشی سەختکردنی پەیوەندیگرتنی خەڵکبوو بە خۆشەویستانیان وهەوڵی دۆزینەوەیان و دەستبەر کردنی رێنوێنی لە پسپۆرانی دەزگاکانی فریاگوزاری لە کاتی کارەساتدا.

دەستبەسەرکردنی ئەو بەڵێندەرانەی گەندەڵییان کردووە لە بیناکردنی باڵەخانەکان کە بوو بە هۆی گیانلەدەستدان و زیانی ماڵیی زۆر هەنگاوێکی ئەرێنیە. هاوڵاتیان دڵخۆشن بە دەستبەسەرکردنی زیاتر لە ١٠٠ بەڵێندەر و وەزارەتی دادیش ( یەکەی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی زەمینلەرزەی) جێکرد. بەڵام لە ئۆتۆکراسیدا کە س ناتوانێت تاوانباری یەکەم دەستبەسەر یا دادگایی بکات، کە دەستەڵاتێکی واى لە دەستی خۆیدا چڕڕکردۆتەوە هەتا لە کاتی کارەساتی نیشتمانیشدا هەنگاوێکی وا کاری کردەنی نیە لە ناو حیزب و حکومەتیشدا.

وەک هەر ستەمگەر و ئۆتۆکراتێکی تر ئەردوغان ئەبێت خۆی قارەمان و پیاوی کردار بێت.

ئەردوغان رێگای نەدا سوپا یارمەتی هاوڵاتیان بدەن لە پاش زەمینلەرزەکە، ئەگەری ئەوە زۆرە هەتا پاش ٧ ساڵ لە کودەتاکەی ٢٠١٦ و پەروباڵ ودەنووککردنی هێزە چەکدارەکان هێشتا رێگرە لەوەی هاوڵاتیان بتوانن پەیوەندیەکی ئاساییان هەبێت لەگەڵ سوپا، هەتا ئەگەر لە سەرحیسابی گیانی ملیۆنان بێت.

ئەگەری زۆرە ئەردوغان کاتی هەڵبژاردنەکە لە مەیەوە بگوازێتەوە بۆ جون. ئەمە کاتێکی زیاتر بە سەرکردەکانئ ئۆپۆزسیۆن ئەدات بۆکۆدەنگی لە ئاکامی کارەساتەکە. لەوانەیە بۆیان دەرکەویت کە هاوڵاتیان زیاتر گوێیان بۆ ئەگرن.

ئەردوغان دەکارێت زەمینلەرزەکە وەک پلانی قەدەر وێنا بکات، بەلام نەبوونی فریاگوزاری بە تەواوی کورتهێنانی دەستەڵات بوو، هەموانیش ئەزانین کێ دەستور ئەدات لە تورکیا. لەو بارەیەوە گونوڵ دەڵێ ( ئەو هەمووو قوربانیەی گیانیان لەدەستدا هەموی بەرئەنجامی سیاسەت و گەندەڵی و بەدحوکمڕانی ئەردوغانە ، بۆیە پێوستە کەسیك نرخەکەی بدات).

بەڵام ستەمگەر و ئۆتۆکرات هەموو شتێک ئەکەن بۆ ئەوەی نەدۆڕێن. با بە هیوای ئەوە بین ئەردوغان سەرقاڵی (سۆپرایزی پیاوی بەهێز) نیە بۆ هاوڵاتیانی تورکیا لە چەند مانگی داهاتوودا تا نرخی بێدەربەستی و بەدحوکمڕانی خۆی نەدات.

تێبینی:

نوسەر بڕۆفیسۆری مێژووە لە زانکۆی نیویۆرک. رۆژنامەوان و کۆمێنتاتۆرە لە کەناڵەکانی CNN و MSNBC و دەزگای میدیای تر لەسەر ستەمگەری و فاشیزم و هەرەشەکان بۆ سەر دیموکراسی لە سەرتاسەری جیهان.

# کەڵەشێرە ژیرەکە

## ن/ سهیل یاسین

## وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

## ( فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی)

لە دارستانێکی نزیک ڕووبارەکە کۆمەڵێک گیانلەبەر پێکەوە بەئاشتی و تەبایی دەژیان. ڕۆژێک کەڵەشێر وەک پیشەی خۆی زوو لەخەو هەستا و تەماشای ئاسمانی کرد بە هەورێکی ڕەش و چڕ گیرابوو هەستیکرد ئەمە زۆر ترسناکە پێدەچێت بارانێکی بە خوڕ ببارێت و دارستانەکە دابپۆشێت کەڵەشێر زیاتر لە جارێک بانگی گیاندارەکانی کرد، ئەوانیش یەکیەک هاتن و کۆبوونەوە.

کەڵەشێر گووتی: هاوڕێ خۆشەویستەکانم سەیری ئاسمان بکەن پێویستە شتێک بکەین پێش ئەوەی کارەساتێک ڕووبدات.

مریشک گووتی: دەبێت چی بکەین؟؟ کەڵەشێر گووتی: با پردێکی قووڕینی بەرز دروستبکەین، هەتا بەربەستی ئاوی ڕووبارەکە بکات بۆ ئەوەی لەکاتی بارانبارینی بەخوڕلە نقومبوون بمانپارێزێت .

گوێدرێژ گوتی: من ناتوانم کار بکەم شەرمەزارم، بەهۆی گوێکانمەوە.

ئەسپ پێکەنی و گوتی: منیش هەروەها، کیسەڵ گوتی: بەرگم بەهێزە وەک بەرد دەمپارێزێت لە مەترسی، مەلەوانیش دەزانم ئەگەر لافاو ڕوویدات.

ئاسک گوتی: من خێراترم لەو شەپۆلانەی دێنە ڕێگام ، کۆتر گوتی: من خۆم ڕزگار دەکەم چونکە دەتوانم لە شەقەی باڵ بدەم و بۆ هەرجێیەک بمەوێت بڕۆم.

مەیمون گوتی: من چیمداوە لەم کارە هیچ ترسم نییە توانای ڕاکردن و بازدانی سەرداری بەرزم هەیە.

شێرەکە کەلەدوای هەموانەوە گەیشتبووە ئەوێ گوتی: بینیوتانە پاشا بە دەستی خۆی کار بکات! من نازانم ئەم بیرکردنەوە پوچانەت لە کوێوە هێناوە وانەزانی ڕادەکەم و دەترسم و ئەم دارستانە جوانە بەجێدێڵم ئەی کەڵەشێری شوم ئەم قسانەت دوورە لە ڕاستیەوە.

کەڵەشێرەکە گوتی: ئەی شێری گەورە با بەهێز و پاشای دارستان بیت بەڵام ئەوەندە دەزانم کە تۆ و گوێدرێژ و ئەسپ و ئاسک و مەیمونیش ناتوانن کارێک ئەنجام بدەن کە لە بەرژەوەندی ئەم دارستانەدایە، بیهێننە پێش چاوی خۆتان ئەگەر کارەساتێک ڕوویدات چی دەکەن؟ تۆش کۆتر بمێنەوە لەو دارستانەی وەک خۆت دەڵێی ماڵی ژیانتە ئەی تۆ ئەی کیسەڵ ئەگەر خۆڵی ئەم دارستانە بەسەر ئاووە بێت چۆن هێلکەکانتی تێدا دەشاریتەوە.

پاشان کەڵەشێرگوتی: من پێشنیارێکم هەیە بۆتان، هیچ نەبێت لێرە بڕۆن و بچنە بناری ئەو شاخە.

هەموان گاڵتەیان بە قسەکانی کەڵەشێر دەهات ،تەنها مریشک نەبێت بەقسەیکرد.

پاش چەند ڕۆژێک هەورێکی ڕەش ئاسمانی دارستانەکەی گرت و هێندەی نەبرد بوو بە لێزمەی باران و چەند ڕۆژێک بەردەوام باران باری ئاوێکی زۆر کۆبووەوە ڕووبارەکە شەپۆلیدا دارستانەکە پڕبوو لە ئاو بە جۆرێک درەختەکانی شکاند گیانلەبەرەکان تەربوون و هاواریان دەکرد و داوای یارمەتییان دەکرد، چونکە خەریکبوو دەخنکان و تەواو ماندو بووبوون.

لەو کاتەدا کەڵەشێر و مریشک لە بناری شاخەکە بوون بە گەشتنی گیانلەبەرەکان بە ئەوێ دڵخۆش بوون دوای چەند ڕۆژێک بارانەکە خۆشیکردەوەو خۆر دەرکەوت و شەپۆلی ڕووبارەکە هێواش بووەوە و زەوی دارستانەکە وشک بووەوە گیانداران پۆل پۆل گەڕانەوە ناو دارستانەکە هەموو دڵخۆشبوون کە ڕزگاریان بوو ، داوای لێبوردنیان لە کەڵەشێر کرد کە گرنگیان بە بۆچونەکانی نەدابوو. بۆیە بڕیاریان دا هەموو پێکەوە دەست بکەن بە دروستکردنی پردێکی بەهێز بۆ ئەوەی جارێکیتر لەمەترسی باران پارێزراوبن.



## نەخت و پوخت - 502

## هونەرمەند و دەسەڵات

(عەبدولحەلیم حافز)، ڕۆژی (30، 3، 1977) مرد. زۆربەی دانیشتووانی (میسر)، پرسەیان بۆ دانا، ڕەشیان پۆشی، شیوەنیان بۆ کرد، هاوار و گریانی لاوان و ئافرەتان، ماڵان و شەقامەکانیان پڕکرد. تەنانەت چەن گەنجێکی کوڕ و کچ، خۆیان کوشت.

بەڵام بە دەیان سەرکردەی ڕامیاریی و سەربازی، لە وڵاتەکەدا کوژران و مردن، نەک هەر زۆربەی ڕۆڵەکانی گەل، مێش میوانیان نەبوو، بگرە پێشـیان خۆشـبوو. ئەمەش نیشـانەی ئەوەیە، هونەرمەند دەتوانێ، خۆشیی و شادی، بە کۆمەڵانی خەڵک بگەیەنێ، بەڵام دەسەڵاتداران بە گشـــتی، جگە لە خۆســـەپاندن، زۆرداری، گەندەڵیی و تاڵانی، هیچی دیکەیان نییە، بە گەلەکەی خۆیانی ببەخشن!

1 .2 .2023

حسێن عەزیز



# خەیاڵ و خاوەر

لەپشتی شانەخسێ و مەرۆێ ،بناری گمۆوە بەرێ کەوتم.
گمۆ کێوێکی بەرزە لەناوەراستی شاربازێرو سیوەیل و ئالانا قوت بۆتەوە ،ئەڵێی بورجی چاوەدێری یە بۆ هەموو لایەک ئەروانی کوێستانێکی سەخت و شوێنێکی دڵگیرە ،بووە بەجوانی هەموو ناوچەکە بۆ هەموو شاخ و کێوەکانی ئەو ناوچەیە ئەروانی کێوێکی سەرکەشە .
شانەخسێ و مەرۆێ دوو دێی دڵگیری ناوچەی ئالانن کەوتونەتە سەر سنووری رۆژهەڵاتی نیشتیمان جەمێک هەردوو ئالان جیا دەکاتەوە ئالانی رۆژهەڵاتی نیشتیمان و خوارو.عێراق /ئێران
بناری گمۆ رێگایەکی پێچاو پێچ جار جار تەختایی یەک وەک کلافە دەزوو دەیکردەوە پێچ و گرێی نەدەهێشت ،تەنگە نەفەسی و هیلاکی ئەهوەن ئەکردەوە هەنگاوەکانی خێراتر ئەکرد،ناو بەناو سێبەرێک و شنەبایەکی گمۆ ئاهێکی بەدڵ ئەدا ،هاوینێکی گەرم تا بەرەو پێدەشتی مەرۆێ ئەهاتی گەرمتر ئەبوو گەرماکە سوتێنەرتر ئەبوو ،لەدەشتی مەرۆێ سەراب لەزەوی نەدەبرا ،پووشی زەردو تۆزی مردووی سەر رێگا نیشانەی گەرمای ئەو هاوینەی ساڵی ١٩٨٦ بوو.
بەخۆم و ئەسپە کوێتەوە رێگەم ئەکوتا بەرەو زەڵێ بۆ شت کرین نان و پیویستی شانەخسێ و مەرۆێ و ئەو ناوچەیە هەمووی چۆڵ بوو ئاوەدانی لێ نەبوو بەس پێشمەرگە و کاسبکارو قاچاغچی لێ بوو /زەڵێ دێ یەکی سنووری کوردوستانی رۆژهەڵات بوو،بەرامبەر مەرۆێ و گمۆ بەبناری شاخی بریتی گەورەوە پایەگایەکی سەربازی بە پشت سەریەوە بوو کە ئاخر بنکەی ئێران بوو.
ئەسپە کوێتم ئەسپێکی پیرو چاوێکی کوێر بوو چوار پەل رەش و خورماییەکی تێر و تەوێڵ مارۆیی ئەسپێکی رەسەن بوو بەڵام زۆری پێ نەمابوو پشتی شانەخسێم جێ هێشت بەدەشتی مەرۆێدا شۆڕ بوممەوە جار جار پیادەوە جار جار بەسواری ،بە نەرمە گۆرانی ماملێوە ،عارەق سڕین و گەرما تۆز تۆزە بێدەنگیان دەکردم .
ووردە ووردە گەیشتمە سەر چەمی زەڵێ ،بەرامبەرم باخێکی خۆشی لێ بوو دەنگی ئاوەدانی و باخەوانی لێدەهات ،زۆر جار ئەچوین بۆ ئەو باخە بۆ میوەو سەوزە کرین ،پیرەمێردێک و پیرەژنێک کورو کچێک و تازە بوکێکیان هەبوو ،سەعیدو ،خەیاڵ و خاوەر،خاوەر هاوسەری سەعید بوو،تازە بووک بوو خەیاڵیش هەژدە ساڵانێک ئەبوو ،
هەر بەبەرزیایەکەوە لەسێبەرێکی خۆشدا لێی ڕاکشام و ئەسپەم بەرەڵا کردە ناو پوشی ئەو بنارەوە،هەرچەند مێشوو مێشوولە مۆڵەتیان نەئەدا پشوو بدەین ،لەچاو نوقانێکدا ،قریوەیەک بەئاگای هێنامەوە ،سەرم هەڵبڕی خەیاڵ و خاوەربوون هاتبونە سەرچەمەکە ئەو ناوەیان پڕ کردبوو لەپێکەنین و قریووە و جوانی ،ئەوان چاویان لەمن نەبوو هەر بەدەم ڕێووە دەستیان کرد بەجل داکەندن ،من چاوەڕێی ئەوە نەبووم نەمئەزانی بڕۆم دانیشم چی بکەم من لەم کەین و بەینەدا ئەوان خێراتر ،شەرواڵی پیاوانەیان فرێداو کراسیان داکەند ،چاوم لەگەڵ پەنجەکانیان ئەسوڕا ،ئاگام لەگەرماو مێشوو مێشوولە نەما ئەگەر خوێنی دڵیان هەڵلوشیمایە
من هەردوو چاوم لەگەڵ پەنجەکانی ئەوان سەمایی ئەکردو ئەجولاو ......
هاژەی چەم و قەڵبەزەی ئاو لەگەڵ ڕووت بوونەوەیان زیاتر لرفەی ئەکردو ئەیکێشا بەبنارا لەگەڵ دەنگی قریووەی ئەوان و چریووەی مەل و مراوی و جار جارە هەناسەی من تێکەڵ ئەبوون ،ئەسپەکەش گوێ قوڵاغ ببو .
هەستم ئەکرد گا بەردەکان لەژێر پێیاندا ئەبوونە لۆکەو ،زیخ و چەو دەبوونە مرواری حەزیان دەکرد ببنە پاوەنەی پێیان ،پەلکی شۆڕە بی شەرمنانە کەوتنە باوەشێن ،دار چوالەکەی پشتی سەرم دەمی پڕ ببوو لەئاو ،من هەموو جەستەم ببوو بەچاو گەردیلەم لەسەر لەشیان ئەدی.
دوو لەشی گۆشتنی کەمەر بارێک و چنار ئاسا بەرز هەڵچوو ،چۆن ئەتڕوانی هەمووی سەرتاپا جوانی بوو ،پێستێکی پەمەیی بەفرو شەکرو خوێن و شیر یاریان ئەکرد ،ماسی ئاسا لوس و ساف و بێگرێ گەندەموویەکی نەرم بووە نەخشێکی جوانی تر.....
بەقریووەو شەرمەوە دەستێکی نازاویان خستبووە سەر لەشیان بەپاڵ پێوەنان خۆیان هەڵدایە چەمەوە ،قریوەو سەدایان بەبنارا هەڵکشا بنارێک ئەیبرد بۆ ئەوی تر .





بۆنی عەتریان ڕژایە ئاوەوە هەموو ئەو ناوە پڕ ببوو لەعەتری خاوەرو خەیاڵ ئای لەو بنارو چەم و لوتکانە قەد ئەوەندە خۆش بەخت نەبوون منیش ببومە ئەوان بەڵام من حەزم ئەکرد چەمەکە ببێتە کانیەک و جۆگەیەکی خنجیلانە ،جونکە چەمەکە زاڵمانە هەموو جەستەی وون ئەکردن ،بەڵام خۆش بەختانە جار جار شەرە ئاو و دەسبازی لەئاوی دەردێنان دەهاتنە دەرێ ،ئەو دڵۆپی ئاوانە بەزوڵفە ڕەشەکانیاندا وەک ریزە مرواری دەهاتنە خوار لەسەر جەستەیان نەدەمانەوە لەبەر ساف و لوسی تا زەوی دەخلیسکان ،بەڵام لەسەر برۆ و برژانگ و گەندەموو زوڵفەکانیان هۆن هۆن دەهاتنەخوار عەتریان ئەرشت جار جار حەزیان لێبوو ببنە پەلکە زێرینە .ئەو چەم و بنارو شاخە هەموو سەرقاڵی خەیاڵ و خاوەر بوون بەمن و ئەسپە کوێتیشەوە.
لەناکاو بەلایەک تۆپێکی عێراق هات /ئەوسا شەری ئێران و عێراق بوو/ دای لەکەناری چەمەکە لەپشتمانەوە هەموو ئەو چەمە بوو بەگرمەو ناڵەو ئەو بنارە هەمووی بوو بەسەدا دانەوە و خەیاڵ و خاوەر قیژەیان لێ هەستا وفڕەی پۆلێ مراوی و مەل هات وهەندێ پەرو باڵیان لێ هەڵوەری کەوتە ئاسمانی ئەو ناوەو ، سەر ئاوی چەمەکە کۆمەڵێ ماسی بەپشتا کەوتو،سپی ئەچوونەوە وژێر سکیان دیار بوو .کۆمەڵێ گەڵا ی هەڵوەریو کەوتنە سەر ڕووی ئاوەکە ،ئەسپە کوێتیش حیلەیەکی کرد وەک ئەوەی بڵێ بابڕۆین ،خاوەرو خەیاڵ لەناو چنارەکاندا وون بوون لەقریووە کەوتن و منیش توولە ڕێم گرت بەرەو هەوراز ڕۆیشتم ،بەگۆرانیەکەی مامڵێوە ئەی خودا تۆ بڵێی وەها بێت بێتەوە رووناکی ماڵم...../ڕزگارەسوور

# بۆ گیانی پاكی پەپوولەكەی شارباژێرو سیوەیل پوورە خورشە / دایكی نەمر كاكە حەمە سورەبانی / بۆ چلەكەی مەیتەكێنە



بابیێت بە تاقگەی عەتر
گوڵی چەفتەو كراسەكەت
بادەستەو نەزەر بوەستی
پەلكەزێرینە لەبەر پێت
سەرپۆشەكەت بدە بەسەر
هیلالێكی نیوەشەوێكی هەتیودا
باتولەڕێ پر بیت لە تریفەی گیسوت
ئەم بێ ئۆقرەیەت لەچی بوو
بۆسەری غوربەتت هەڵگرد ؟
لەم زەمەنی بێ عەشق و لەت لەت بوونەدا
لەم رۆژگارە بێ مروەت و
بێ ئارامی و وێرانەدا
كاتی كۆچ و ویل بوون نەبوو
بۆچی ڕۆیشتی؟
ئاخر زوو بوو.
.

بۆ كوێ بڕۆی چاوم لێتە
بەدڵ قسەت لەگەڵ ئەكەم
بەسوركێوی میهرەبانیدا هەڵدەزنیم
تریفەی سەیرت وون ناكەم
دێڕ دێڕ دڵت ...
پەڕە پەڕە بەرائەتت
بەچاوی دڵ ئەخوێنمەوە
ئاخر تۆ تاقستانێك بووی
بۆ جوانی و خۆشەویستی و بوون
پەپوولەیەك ؛
بەمردنیش عەشقی باخ و گوڵ و كانیت
بەجێ نەهێشت
ئێستاش ئەگەر بەرماڵەكەت
بتەكێنن
نزای تەمەنێك ئەوەری
خوایە جەرگی كەس نەسووتێ
خوایە رۆڵەی هیچ كەس نەمرێ
خوایە بۆ گەورەیی ناوت
ئاوێ بكەیت بەو ئاگرەدا
خوایە ....
خوایە ..........
خوایە..................
نازانم بۆ نزاكانتی قبوڵ نەكرد؟
ئێستاش ئەگەر تەزبیحەكەت ڕاوەشێنم
ئەبێت بەپلوسسكی كانی
چۆڕ...چۆڕ میهرو بەرائەتی
لێئەچۆڕێت.

زووبوو ڕۆیشتی
بۆ چۆلەكەی هەیوانەكەت
هەتیوو كردوو
كوكوختی سەر دارتووەكەی
كانی ناودێی سورەبانت
ئاوارەكرد،
.

چاوم لێتە
بۆ كوێ بڕۆی
بەدڵ قسەت لەگەڵ ئەكەم
بەرۆح ئاگاداری ڕێتم
رۆژێ تریفەی سیوەیل و
شەوێک چرای داگیرساوی
گەنكێ و بناری سەرسیری
چاوم لێتە
ئاخر تۆ لەهیچ كەس ناچی
قەرتاڵەیەكی لەمیهروو خۆشەویستی،
ئاگات لەدوا هەناسەت بێ
گوڵدانێكە پر لە حەمە
مانگەشەوێكی ڕێی سوركێو ڕادەژەنێت
ئاگاداری تەزبیحەكەی گەردنت بە
با نزاكانت لێ نەرژێ
چاوت لەگۆچانەكەت بێ
باچیرۆكی پشت و ئەژنۆت لامان باس كات
عەینەكەكەت
بسپێرە بە ئاسمانێكی پر تریفەی
ڕێی مەفرەزەی پشتی گەنكێی كاكە حەمە.
لەوەرازی جارانەوە
هەنگاوی ڕێ هەڵئەگرێت
بۆ كەناروێ
لەسەرسوچی یەكەم كۆڵان
ڕووخۆش
مندالێكی ڕۆح سووک
یاری ئەكات
كەئەم بینێ
ڕائەكات بۆ دەرگای حەوشە
هاوار ئەكات ؛
دایە ...دایە ....
كاک ڕزگار هات.
حەوشەیەكی پر لە میهر
پڕ باوەش و ڕامووسانی پوورە خوورشەو كاک ڕەحمان و
سەدیق.....رەفیق
دەستەخوشكان
دەوریان گرتووم،
حەمەش لەدەرگا وەستاوە
ڕانكوچۆغەیەكی سووربەاو
ڕیشی درێژ
یەک موزەلی و حەفتاوپێنجی
لەسەرشانی
بەخەندەوە
بۆ سەیری هەمووان ئەڕوانێ
دێمەوە لات .
دێمەوە لات
بۆ سلەیمانی
لەدەرگایەكی تر ئەدەم
ماڵێك ڕووناک
پڕە لەنووری تریفەی شۆڕە ژنێك
سەری سپی
پشتی كۆم بوو



گۆچان بەدەست
بەلام لەجاران شیرینتر
مانگ لەچاوێدا ئەبینم
دەم و لێوی
تاقگەیەک بۆ ووشەی هەنگوین
دێمەوە لات ...دێمەوە لات
بەخەیالم وەكو جاران
لەسەرگەنكێ و لەسەرسیرەوە دێم بۆ لات
دێمەوە لات
لەهەورازەكەی سورەبان
ڕێگا ئەگرم
لەئاخر لووتكەی سوركێوا
تارمایی بالات ئەبینم
دێمەوە لات
لەهەر كوێ یەک
بۆنی گەنم و سەرتەنوورو
دۆی ترش بكەم
لێ لا ئەدەم .
دێمەوە لات
لەسەر گەنكێ و لەكەنارو لەسورەبان
بۆنی بامێ جێشتەكەت بێ
وچان ئەدەم
دێمەوە لات
بۆنی گیسوت
بۆنی مانگ و تریفەیە
دێمەوە لات
بۆنی چاوت
بۆنی بەفرو چەم و جۆگەو كانیلەیە

ڕزگارەسوور ٢٠٢١/٠٢/٨


# پۆلیسی تاوڵە سواری

## یاخود پۆلیسی سوارە

ئەمە وێنەی یەکێك لەپۆلیسەکانی تاولە سواری شاری سلێمانی یە کەبۆیەکەم جار بڵاو دەبێتەوە
پۆلیسی تاوڵە سواری ئەو پۆلیسانە بوون کەبە سواری ئەسپەوە بوون جیا بوون لەپۆلیسەکانی تر ، ئەم پۆلیسانە ئەرکیان گرتنی قاچاغ چی و دزی سەرسنورەکان بووە دەسەلاتی زۆریان هەبووە وەك لێپرسینەوە لێکۆڵینەوە
ئەم پۆلیسانە ئیمکانێتی باشیان هەبووە هەڵبژاردە بوون لەڕووی تواناى جەستەیی ئەسپ سواری نیشان شکێنی و تواناى ژیری و ئازایەتی لەهەمووی گرنگ تر دەبێت دەست پاك و خەڵکی ناسراوی شار و شارۆچکەکان بونایە ، هەموو کەسێك وەرنەگیراوە لەم بەشەی پۆلیسی تاوڵە سواری زۆر جیا بووە مەرجی وەرگرتن !!
چونکە کارەکانی ئەم بەشەی پۆلیس هەستیار بووە پەیوەست بووە بەکاڵای قاچاغ و دز گرتن !!!
بینای پۆلیسی تاوڵە سواری دەکەوتە تەنیشت قایم قامێتی ئێستای سلێمانی ئەوگەڕەکەش تائێستا بەگەڕەکی تاوڵە سواری ناسراوە ، وەلەسالی پەنجاکان بەڕەحمەت بێت کاك مەزهەر ئەحمەد بەڕێوەبەری بووە باوکی مێژوو نووس دوکتۆر کەمال مەزهەر
ئەم وێنەیە لەبازیان تۆمار کراوە کەئەو سەردەمە بازیان سنوری شاری سلێمانی بووە وێنەکەش بەڕەحمەت بێت نائب عەریف ( ڕەزا فەرەج مەعروف ) ە ، کەدانیشتووی گەڕەکی چوارباخ بوون

چاووگی وێنە ; لەئەنجامی ئەو هەڵمەتەی کردوومانە بۆ کۆکردنەوەی وێنە نەبینراوەکان ، ئەم وێنەیەمان لەماڵی کاك میران ئەمیر وەرگرت کە کاك ڕەزا دەکاتە باپیری ،وێنەکەمان لەتاقیگەی وێنەیی چاك کردوو بۆ بینەرانمان نمایش کرد

زانیاری و بەدوادا چوون ; ئامانج مەسرەف




# مێژووی دوکانی ژمارە (1) لەسلێمانی

## وەستا محێدینی تەنەکەچی

ئەم دوکانە لەساڵی ١٨٨٠ زاین دروست کراوە
کەئەم موڵکە هی ماڵی شێخان بووە لەسلێمانی
شوێنی دوکانەکە :
دوکانەکە دەکەوێتە تەنیشت قەیسەری نەقیب بەرامبەر دوکانی عەبدوڵا برزووی قەساب و دوکانی مەلا عەلی سەحاف و ڕاست ڕەووی خانی حاجی کەریم ئاغا
واتە ئەم دوکانە پێش (20) ساڵ پێش دروست بوونی قەیسەری نەقیب دروست کراوە کەلەو سەردەمەدا واتە ساڵی ١٨٠٠ زاین لەشاری سلێمانی دوکانەکان کەوتونەتە ڕاستە ڕەوی ئەسحابە سپی بەرەو لای وەهابی ماست فرۆش تاوەکو گەڕەکی هۆلی واتە نزیك سەعە تاکۆیی لەوسەردەمەدا تەنیشتی ئەم دوکانە بەرەو شەقامی کاوە هەمووی دەشت بووە
ئەم دوکانە لەسەرەتای دروست بوونی موڵکی وەستا مەحمودی تەنەکەچی بووە کەدەکاتە خاڵی وەستا محێدینی تەنەکەچی
وەستا محێدینی تەنەکەچی لەساڵی 1904 لەگەڕەکی گویژە لەدایك بووە لەساڵی ١٩٢٠ دەچێتە گەڕەکی سەرکارێز وەستا محێدین کوڕی مەلا عارفی خەیات بووە
لەساڵی 1914 دەچێتە لای خاڵی دەست بەکارکردن دەکات واتە لەتەمەنی (١٠) ساڵی لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم
دواتر ئەم دوکانە دەبێت بەموڵکی وەستا محێدین وەلە ساڵی 1970 شارەوانی سلێمانی ئەم موڵکانە لەخاوەنەکەی دەکڕن و ئیستملاکی دەکەن وەموڵکەکان پۆلین و ئەژماری دەکەن ئەم دوکانەش ژمارە ( 1) شارەوانی سلێمانی وەردەگرێت
مێژووی وێنەکە :
وێنەکە لەساڵی ١٩٧٠ تۆمار کراوە ساڵێك پێش کۆچی دوایی وەستامحێدین کەناوی کەسەکان
١- وەستا محێدینی تەکەچی
٢-عەلی وەستامحێدینی تەنەکەچی
٣- شۆڕش وەستا محێدینی تەنەکەچی
وێنەکە لەساڵی ١٩٧٠ بەکامێرای کاك بورهان شەشۆیی وێنە گیراوە کەلەسەردەمەدا کۆمەڵێك کەس کاری وێنەگری گەڕۆکیان کردووە کاك بورهان لای ستودیۆ یادگار کاری کردووە کەخاوەنەکەی ناوی کاك عوسمان بووە ئەو ستودیۆیە لەشەقامی گۆران بەرامبەر بانکی ڕەشید بوو ، نرخی یەك وێنە گرتن لەساڵی ١٩٧٠ بری ( 100 ) فلس بووە
کرێ دوکانەکە کەدراوە بەشارەوانی سلێمانی لەساڵی 1970 بری یەك دینار و دووسەد و پەنجا فلس بووە
ڕۆحی کۆچکردووان شاد بێت تەمەن درێژی بۆ زیندووان

چاووگی وێنەی وەرگیراو زانیاری ; کاك شۆڕش وەستا محێدین
بەدوادا چوون و لێکۆڵینەوە : ئامانجی مامۆستا عومەر



# یەکەم خاتوون لەمێژووی عێراق کەنیردرا بۆ خۆێندنی ماستەر بۆ وڵاتی ئەمەریکا

یاخود ئەو خانمەی لێپرساوی بەشی زمانی کوردی بوو لەزانکۆی بغداد ڕەنجی دا بۆکردنەوەی بەشی زمانی کوردی
کورد بوو خەڵکی شاری سلێمانی بوو
نووسینی : ئامانجی مامۆستا عومەر
ئەم مێژووە لەهەرێمی کوردستان بۆ یەکەم جار بڵاو دەبێتەوە ، بەڵام ئەوەی جێی داخە لای عەرەبەکان. زۆر جار بڵاوکراوەتەوە
لەچیرۆکی وێنەکە دەست پێی دەکەم چونکە پشتی وێنەکە دەست و خەتی مێژوو نووس و سیاسی ڕەفیق حلمی یە
وێنەکە لە 1939/2/22 تۆمار کراوە
خاتوونەکە ناوی دوکتۆر ( پاکیزە ڕەفیق حلمی ) یە ، ئەو مناڵەی باوەشی برایەتی ناوی ئەندازیار ( فەوزی ڕەفیق حلمی یە )
وێنەکە لەشاری بەعقوبە تۆمار کراوە چونکە ئەو کات ڕەفیق حلمی بەڕێوەبەری مەعاریفی شاری بەعقوبە بووە ، وەنەفی کراوە لەشۆڕشی شێخ مەحمود دورخراوەتەوە
مناڵە کە کاك فەوزی ئەندازیاری تەلارسازی لەزانکۆی بەغداد تەواو دەکات لەساڵی ١٩٦٠ ماستەر تەواو دەکات لەزانکۆی کاردیڤ لە ووڵاتی بەریتانیا دوای تەواو بونی ماستەرەکەی دەگەڕێتەوە لەشاری سلێمانی دەژی تارۆژی وەفاتی
بێینەوە سەریەکەم خاتوونی دوکتۆری نێردراو بۆ وڵاتی ئەمەریکا
پاکیزە ڕەفیق حلمی
لەساڵی 1924 لەشاری سلێمانی لەدایك دەبێت لەگەڕەکی سەرگۆل نزیك ئەسحابە سپی
لەساڵی ١٩٣٧ قۆناغی سەرەتایی لەشاری سلێمانی تەواو دەکات
لەساڵی ١٩٤٠ قۆناغی ناوەندی لەئەعزەمیەی بەغداد تەواو دەکات
لەساڵی ١٩٤٣ ئامادەیی تەواو دەکات
لەساڵی ١٩٤٩ بەکالۆریس لە (دار المعلمین عالیه ) بەپلەی شەرەف و یەکەم تەواو دەکات
حکومەتی مەلیك فەیسەڵ دەینێرن بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن بۆووڵاتی ئەمەریکا لەساڵی ١٩٥١ پەیوەندی بەزانکۆی ( هارفرد ) دەکات ماستەر وەردەگرێت لە (علم اللغه )
من پرسیاری زۆر وردم کرد لەوگەشتەی لەخزمەکانم بەتایبەت خاتوو ژین ڕەفیق حلمی پێی وتم بیردم دێت کەپاکیزە هاتەوە ڕەفیق حلمی باوکم یەکە سەرنج و داواکاری هەبوو ئەویش لەفرۆکەخانە چەند دەفتەرێکی بچوکی دامێ پێی وتم چ شتێکت بینی لەوڵاتی ئەمەریکا سەرنجی ڕاکێشایت بینووسە بیکە بەیاداشت چونکە نەی نوسیت بیرت دەچێتەوە !!!
پاش گەڕانەوەی لەساڵی ١٩٥٨ لەزانکۆی قاهیرە دوکتۆرا تەواو دەکات لەزمان .
ئەو زمانانەی دوکتۆر پاکیزە زانیویێتی
( عەرەبی ، کوردی ، ئینگلیزی ، ئەڵمانی ، عیبری ، فارسی )
دواتر لەگەڵ چەند خەمخۆرێکی تر هەوڵی کردنەوەی بەشی زمانی کوردی دەدەن لەزانکۆی بەغداد بیکەنەوە
لەساڵی ١٩٥٨ دەبێتە سەرۆکی بەشی زمانی کوردی تاوەکو ساڵی ١٩٧٠
لەساڵی ١٩٧٠ لە کۆڕی زانیاری کورد دەبێت تاوەکو ساڵی ١٩٧٨ سەدان تۆژینەوەی کوردی دەنوسێت
لەهەمان کاتدا لەساڵی ١٩٦٩-١٩٧١
مامۆستای وانەبێژ دەبێت و هاتوچۆ دەکات لەبغداد بۆ ئەڵمانیا مامۆستای وانەبێژی زانکۆی همبۆلتن
لەساڵی ١٩٧٨ تاوەکو ١٩٨٦ مامۆستای زانکۆی ئەردەن دەبێت و هاتوچۆ دەکات لەنێوان بغداد وئەردەن
ساڵی ١٩٦٤ دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی پاشایەتی بەریتانی ئاسیایی RAS
بڵاوکراوەکانی
١- دراسه فی علم اللغات السامیه
٢-کورد وثریاکسلیه پرسه شدیکه٣-
٣-قواعد اللغه الکردیه
٤- تاریخ القدیم للشعوب الشرقیه که چاپ نەکراوە



پاکیزە ڕەفیق حلمی فەوزی ڕەفیق حلمی

دایکی دوکتۆرە پاکیزە ناوی جەمیلە خانە و خوشکی عبدالرحمن ئاغای مەسرەفە و جەمیلەخان پوری نە نکمە سەربەخانەوادەی هەمزە ئاغای مەسرەفە کەهەمزە ئاغا دەکاتە باپیری پیرەمێرد وێنەی ئەو گەشتەی بۆوڵاتی ئەمەریکا سەرجەمیان لای من هەیە لەئایندەدا بڵاوی دەکەینەوە
دوکتۆرە پاکیزە لەساڵی 2003 کۆچی دوایی دەکات لای باوکی لەگردی سەیوان دەنێژرێت کاك فەوزیش ساڵی 2022 کۆچی دوایی دەکات لەگردی سەیوان لای باوکی و دوکتۆر پاکیزە دەنێژرێت
نووسینی ; ئامانج مەسرەف
چاووگی وێنەی وەرگیراو ئۆرجینال ; ژیا فەوزی ڕەفیق حلمی
مکان الولادة: السليمانية
تاريخ الولادة:
1924
استاذة وكاتبة واكاديمية من الطراز الاول
انهت الدراسة الابتدائية في السليمانية عام 1937 والمتوسطة في الاعظمية عام 1940، والثانوية في الاعدادية المركزية ببغداد عام 1943.
اكملت دراستها العليا فنالت شهادة البكلوريوس في الادب من دار المعلمين العالية بدرجة الشرف عام 1949
التحقت بجامعة هارفرد في الولايات المتحدة الامريكية فحصلت على شهادة الماجستير في علم اللغات عام 1951.
اكملت الدبلوم العالي في جامعة لندن عام 1953
عادت الى القاهرة ونالت شهادة الدكتوراه في علم اللغة مع التخصص في اللغات السامية من جامعة القاهرة عام 1958م
عينت مدرسة لعلم اللغة ورئيسة قسم اللغة الكردية بكلية الاداب بجامعة بغداد عام 1958-1970.
اختيرت عضوا عاملا في المجمع العلمي الكردي منذ عام 1970 لغاية عام 1978 حيث استقالت.
عملت استاذا زائرا في جامعة همبولتن في المانيا عام 1969-1971 واستاذا زائرا في الجامعة الاردنية من عام 1978-1986
هي عضو في الجمعية الملكية الاسيوية RAS في انكلترا منذ عام 1964
عضو جمعية النداء الاجتماعي في بغداد عام 1951حتى الغائها
عضو اتحاد الادباء العراقيين عام 1959
عضو اتحاد الكتاب والمؤلفين منذ عام 1971
تجيد العربية والكردية والانكليزية والعبرية والالمانية والفارسية
لها مئات الابحاث المنشورة في الدوريات العلمية في العراق وخارجه
من مؤلفاتها:
1- دراسة في علم اللغات السامية بعنوان الجمع في اللغات السامية بغداد 1960م.
2- كورد وثرياييكيئه برئه نديشه - ملحمة شعرية باللغة الكردية عام 1960م.
3- عدد من الكتب لم تطبع بعد حول التاريخ القديم للشعوب الشرقية.
4- قواعد اللغة الكردية

# فاتە کوردە
## تەوارێکی نیشتمان بوو
## مەلاشاخی


ـ فاتمەحوسین حەمەسالح
ناسراوبە(فاتەکوردە)
ـ لەدایک بووی ساڵی 1937ی
ناوچەی شێخ بزێنی بوو..
ـ ژنێکي شۆڕشگێڕودڵسۆزی کوردایەتی بوو.
ـ فەقێ محمدی کوڕی
ساڵی ١٩٧٩ دەبێتەپێشمەرگە
لەهەرێمی ٢ی کەرکوک.
ـ ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ مەلائارس
کە داهاتنەسنووری خۆیان
شەوان چەکی کوڕەکەی هەڵدەگرت و
تابەیانی ئێشکی لێ دەگرتن.
بەڕۆژیش دەیبردن بۆحەشارگە
لە(ڕەزحەلە)دەیشاردنەوە و
بۆ ژەمەکانی نیوەڕۆ وئێوارە
خواردنی بۆ دەبردن..
ـ وەک تەتەری ڕێکخستنیش
شەهید مەلائاراس نامەوبڵاوکراوەی پێدا دەناردبۆکەرکوک
تەسلیم کەسێکی دوکانداری دەکرد
لەنزیک دائیرەی کارەبا
بەناوی کاک (مەردان)
بۆڕۆژی دووەم
وەڵام و ڕاپۆرتەکانی
بۆ هەڤاڵ مەلائاراس دەگەڕاندەوە.
ـ لەشەڕەکەی قەرەبەگ وپردێ دا
پێشمەرگەیەک بریندار دەبێ
هەفتەیک لەلای فاتەکوردە دەمێنێتەوە.
دەچێت لەکەرکوک حەب و
دەرزی ولەفافی بۆدەهێنێت و
دکتۆربورهان چوارداخی
تیماری دەکات.
ـ لەشەڕەکەی ناوگوندی(توڵکی)
لەوشەڕەی دەیان(قوات خاصة)ی
تێداکوژرا..
فاتەکوردە لەگەرمەی شەڕدا
دەگاتەسەرهەڤاڵ
(کاکۆ دووبزی)و
بەبرینداری دەیباتەوە
لەماڵەکەی خۆی و لەگەڵ(عزیزمحمد)کوڕی
تیمار و چاودێری دەکەن.
ـ من دەیان جار
لەهەڤاڵ مەلائاراس و
دکتۆر بورهان چوارداخی
گوێم لێ بووە..
کە فاتەکوردە و
(میم حەلیم)دایکی
(پ.م)حوسێن مولود.
چەند دڵسۆزی شۆڕش و
هاوکاری کادر و پێشمەرگەبوون.
روحیان شاد.



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان کە ژیان دەبێتە مەرگەسات و هەموو جوانیەکان و بەهاکانی مرۆڤایەتی دەکرێتە دۆزەخ ئیتر ژیان دەبێتە ڕووبەرو بونەوەی ستەم و هیچ شتێک لە پیرۆزیەکان نامێنێت بۆ ژیان ،هەربۆیە خەبات و تێکۆشان ڕێگای پیرۆزی خۆیان دەکەنە حەتمیەت و تولە ڕێگاو لوتکەی چیاو یاخی بوون پیرۆزترینە .
بۆیە ئاراسەکان هەر لەسەرەتای هەڵکشان و تەمەنی لاویەتیەوە دەبنە پارچەیەک لە جەستە زامدارەکەی نیشتیمان و بێشکەی ئازاری خاک ڕادەژەنن
نەمر گەشمردە ئاراس مامەند عوسمان ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی شێوەجانی ناحیەی تەق تەق لەدایک بووە هەر لەوێ چۆتە بەرخوێندن .
ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی کردووە بەرێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانەوە لە دەشتی کۆیە .
ساڵی ١٩٨٥ ڕێی شاخ دەگرێتە بەرو سەرقاڵی کاری ڕێکخستن دەبێت .
ساڵی ١٩٨٦ دەبێتە پێشمەرگە لەکەرتی ٣ سێی تیپی٩٣ ی کۆیە .
بەشداری شەڕەکانی قەیوان ماوەتی کردووە و جارێک زامدار کراوە ،
بەشداری شەڕێکی بیست ٢٠ ڕۆژە دەبن لە زنجیرە چیای کەڵکە سماق
لەڕێکەوتی ١٩٨٧/٠٩/١ لە هێرشێکی دوژمن دا دەپێکرێت و زۆر بەداخەوە گەشمردە دەبێت هەزار یادی پیرۆزو ڕەوانی شاد /ڕزگارەسوور





# راگەیەنراوی یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان

لە"٣٥"هەمین ساڵڕۆژی دەستپێکی قۆناغی یەکەمی شاڵاوەکانی ئەنفال رۆژی ٢١/٢/١٩٨٨قۆناغی یەکەمی تاوان و هێرشەکانی ئەنفال لەلایەن رژێمی بەعس بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد.

لەچەند قۆڵێکەوە هێرشی بەرفراوان کرایە سەر دۆڵی جافایەتی. گوندەکانی ئەو دەڤەرەو بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کرانە ئامانج.

لەم شاڵاوەدا رژێمی بەعس تێکڕای تواناى سەربازی و ئەمنی و دەوڵەتی بە بەشداری جاش و هێزی سەربازی بەکارهێنا لە پەلامارەکانیدا بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، وێڕای چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی وچەکی کیمیاوی بۆ لێدان لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی گوندنشینەکانی ناوچەکە.

بەهەزاران خەڵکی سڤیل لە ژن و منالّ و پیر و گەنج بونە قوربانی و ئاوارە بوون.

گشت گوندەکانی ئەو سنورە سوتێنران و وێران کران. مزگەت و تەکیەو قوتابخانەکانیش تەختکران. و تەواوی موڵک و ماڵی خەڵکی تالّان کران.

یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان

لەم رۆژەدا ئەو تاوانە بەبیر دێنێتەوە و یادی قوربانیەکان بەزیندوویی رادەگرێت.

لەم پەیامەدا بەپێویستی دەزانین

داوا لە میدیای کوردی بکەین بایەخ بەو مێژووەو تاوانەکانی شاڵاوی ئەنفال و لێکەوتەکانی بدەن. زیاتر گرنگی بە پرسی جینۆسایدی گەلەکەمان بدرێت و پانتایی زیاتری بۆ تەرخان بکرێت. ئەنفال تەنها لە رۆژی ١٤/٤ی سالّ کورت نەکرێتەوە. بەڵکو دەکرێت راپۆرت و فیلم و هەوالّ و بەرنامەی هەفتانەو مانگانەی لەسەر بکەن. لە پلانی میدیاییدا بە بەردەوامی ناوی ئەنفال و قوربانی و جەلاد بخرێتە روو.

نەخشەی شاڵاوەکانی ئەنفال لەلایەن رژێمی بەعس داڕێژراوەو لە هەشت قۆناغدا بەرجەستە بووە. بۆ هەر قۆناغێک سەرەتاو کۆتایی و تەنانەت راگەیەنراو و بەیاننامەی تایبەتی دەرکردووە لە راگەیاندنەکانی بەعس بڵاوی کردونەتەوە.

قۆناغی یەکەمی شاڵاوی ئەنفال لە (21 شوبات بۆ 19 ئازاری 1988ی خایاند) کە هێرشکردن بوو بۆ سەر گوندەکانی سەرگەڵووبەرگەڵویی لە دۆڵی جافایەتی، لە چەند قۆڵێکەوە بە درێژایی (80)کم لە بنگردەوە بۆ لای ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی دوکان و شارۆچکەی دوکان، لە وێشەوە بۆ شاری سلێمانی و شارۆچکەی ماوەت و چوارتای گرتەوە.

بە ئامانجی وێرانکردنی (25-30) گوند لە دۆڵی جافایەتی و داگیرکردنی بارەگاکانی سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە. هێرشەکە سنوری شارۆچکەکانی (سورداش، دوکان، سەرچنار، قەڵاچوالان، چوارتا)ی گرتەوە، بەسەر پەرشتی وەزیری بەرگری (سوڵتان هاشم).

هێزە بەشداربووەکانی ئەم شاڵاوە پێکهاتبوون لە (20) لیواو شەست فەوج. وێرانکارییەکی تەواو لەم ناوچانە روویدا، گوندەکانی (قمچۆغە، شاخەڕەش، دۆڵەڕووت، قزلەر، قەرەسەرد، ئاسۆس، قەرەچەتان، شەدەڵە، پیرەمەگرون، زێوێ، گەڕەدێ، دابان، مەرگەوشارستێن) و چەندین گوندی دیکە سوتێنشان و تەختی زەوی کران. مەڕو ماڵات و ماڵ و موڵکی گوندەکان تاڵانکران. چەندین هاوڵاتی شەهیدبون و چەندانی تریش بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن. زۆرێک لە خەڵکی ناچەکە ئاوارەبوون هەندێک بەرەو ئێران هەڵاتن، هەندێکیش بەرەو سلێمانی.

یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان لەم رۆژەدا پەیامی خۆی ئاراستەی حکومەت و دەسەڵات لە کوردستان دەکات چیتر هێندە کەمتەرخەم نەبن بەرامبەر بە خەڵکی خاوەن قوربانی جینۆسایدو بایەخ بە دۆسیەی ئەنفال بدەن .

یەکەم: بایەخ بە مۆنیۆمێنتەکانی ئەنفال بدەن و پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەن.

ئەو شوێنانەی ناونراون مۆنۆمێنت هیچ بنەمای زانستیان نیە. ئەو شوێنانە شایستە نین بە رۆحی قوربانیەکانی ئەنفال و جینۆساید.

دووەم: ئەرکە یاساییەکان رابپەڕێنن بەتایبەتی بەتاوان هەژمارکردنی گومانکردن لەقەبارەی قوربانیانی ئەنفال و پیاهەڵدان و ستایشکردنی تاوانبارانی ئەنفال.

سێیەم: هێنانەوەی روفاتی قوربانیانی ئەنفال لە باشوری عیراق و کردنی بە دۆسیەی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عیراقی.






چوارەم: گرنگی و بایەخدان بەم تاوانانە لەسەر ئاستی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم. لەرێگەی دەرکردنی بەیاننامەو ئەنجامدانی مەراسیم و رێزگرتن لە قوربانیەکان و کەسوکاریان.

پێنجەم: هەوڵدانی هەمەلایەنە بۆ ناساندنی ئەنفال لەناوەندە نێودەوڵەتیەکان.

شەشەم: بایەخ بە پشتیوانی چاپکردنی کتێبی نوسەرانی بواری جینۆساید بدرێ بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و چاپکردنی کتێب بە زمانە زیندوەکانی دونیا. بەزمانی بیانی و بە شێوازی جیاوازتر با پەیامەکان ئاراستەی دەرەوەو ناوەوەی وڵات بکرێت.

حەوتەم: کردنەوەی سەنتەری دیراساتی جینۆساید لە زانکۆکان و خوێندنی پرۆگرامی تاوانی جینۆساید بە بەشەکانیەوە لە پرۆگرامەکانی خوێندنی یاساو مافەکانی مرۆڤ.

رۆحی قوربانیانی ئەنفال شادبێت و هەمیشە سەربەرزی بۆ کەسوکاریان..

**یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان**
**٢١/ شوباتی ٢٠٢٣**

تەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا،
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدەن وا دەکا
یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسەوار
بێتەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا
کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا
بێتە حوجرەم، پارچە پارچەی موسوەدەم بکڕێ بە ڕۆح،
هەرکەسێ کووتاڵ و پارچەی بێبەدەڵ سەودا دەکا
شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی
کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

نالی

مەلا خدر کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئاڵی بەگی میکایلی ناسراو بە نالی (1800-1856ز) بەردی بناغە و دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری بابان و لە یەکەمین و بەناوبانگترین شاعیرانی شێوەزاری کوردیی ناوەندییە.

نالی




## ڕۆژی جیهانی زمانی دایک

یەکەم دەستور کە بۆ زمانی کوردی دانراوە ، لەساڵی ١٩٢٨ چاپ کراوە لە چاپخانەی نجاح لە بەغداد لەلایەن خوالێخۆشبوو (سەعید کابان )ەوە (معلم مکتب اول سلیمانی) ، بەناوی ( مختصر صرف نحوی کوردی )
حەق لەچاپدانەوەی بۆ موئەلفە
لەسەر نەفەقەی موئەلف طبع کراوە
دەبێت هەموومان تێی بگەین زمانی کوردی تا ساتی چاپکردنی کتێبەکەی سەعید کابان لەچ دۆخێکدا بووە ووشەی عەرەبی چەند کاریگەر بووە بەسەر زمانی کوردی کەدوای ئەم کتێبە بەرەو پاراوی شوناسی خۆی هەنگاوی ناوە
کەواتە لەم خەم خۆریەی سەعید کابان تێی بگەن چ هەنگاوێکی ناوە لەوسەردەمەدا

زانیاری و ئامادەکردن : ئامانج مەسرەف
چاووگی وێنە : کاك شادمان بەهجەت سەعید کابان



# ڕۆژنامەی کوردستان

ئامادەکردن
ڕەفیق ساڵح
سدیق ساڵح
بەشی یەکەم

پێشەکی

سەرەتا کە بیر لە دامەزراندنی "بنکەی ژین" کرایەوە، وا پێشنیار کرا کە هەر تەرخانی ژیاندنەوەو چاپ وبڵاوکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیە کۆنەکان بێ. بەڵام لەبەرئەوەی پرۆژەیەکی وا سنووردارو کەم بەرهەم ئەبوو، چونکە کەسانێکی بە ژمارە یەکجار کەم لەناو کورددا کاری جددیی تێدا ئەکەن، پێویست بینرا ئەرکی مەیدانێکی تری فەرامۆشکراوی ڕۆشنبیریی کوردی ڕاپەڕێنێ کە ئەویش زیندووکردنەوەی سامانی بەڵگەنامەیە، تا وەک دەزگایەکی تایبەتمەند جێی خۆی بکاتەوە.

ئێمە کە نامەخانەیەکی تایبەتی دەوڵەمەند بە زۆر گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردیی کۆن شک ئەبەینو بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەو پەیداکردنو کۆکردنەوەی ئەوانەیانین کە نیمانن، لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە بە بەرنامە دەستمان دایە ژیاندنەوەی ڕۆژنامەوانیی کوردی؛ بەشێوەیەک کە جگە لە بڵاوکردنەوەی نموونەی ڕاستەقینەیان، -بۆ ناساندنو ئاسانکاری- ساغ بکرێنەوەو لەسەریان بنووسرێو ژیاننامەی نووسەرانیان ساغ بکرێتەوەو ئەلبووم بۆ وێنەیان ساز بکرێ. خۆشبەختانە لەوکاتەوە توانیمان تا دامەزراندنی بنکە، گۆڤارو ڕۆژنامەکانی (نزار، دیاریکوردستان، بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستیقلال، ژیانەوە، دوو بەرگ لە "ژیان")، ئەوەبەدوایش (دوو بەرگی تر لە "ژیان"، ڕۆژی کورد، یادگاری لاوانو دیاری لاوان) چاپو بڵاو بکەینەوە.

ڕۆژنامەی "کوردستان"ی دەورانی حکوومەتی میللیی کوردستان لە مەهاباد، یەکێک بوو لەو ڕۆژنامانەی وا لەپێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە، لەڕێی مامۆستا عەبدوڕەقیب یووسفەوە، ئاگادار بووین کە سەرجەمی ژمارەکانی لە بەغدا لەلای تێکۆشەری گومناو بەهەشتی ڕەشید باجەڵان پارێزراون، چونکە خۆی لە ماڵی ئەو زاتە دیبوونی. لەسەرکاربوونی ڕژێمی بەعس تا ڕووخانی، کۆسپی بەردەم دەست ڕاگەیشتنمان بوو پێیان. ئەو ماوەیە، بەتایبەت لە کۆتاییی ساڵانی نەوەدەوە، بەهۆی دۆستانی بەڕێزی وەک مامۆستایان جەمال بابانو محەمەدی مەلاکریمو ئیبراهیم باجەڵانو کەمال غەمبارو عەبدوڵڵا عەباسەوە لە هەوڵی دەستخستنیاندا بووین.

وەک ئێمە لێرە بەو شێوەیە لە کردەوکۆشدا بووین، چەند خەمخۆرێکی تری ئەم مەیدانەیش لە دەرەوەی وڵات لە پەیجۆری دۆزینەوەو پەیداکردنی ژمارەکانی هەمان ڕۆژنامەدا بوون؛ لەوانە، دکتۆر ئەمیری حەسەن پوور ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابوردوو ئەو ژمارانەی لێ کۆپی کردبوون کە "ئارچی ڕۆزڤێڵت" کاتی خۆی پێشکەشی (کتێبخانەی کۆنگرێس)ی کردبوون لە ئەمریکاو ٣٠ ژمارەیەکیشی لێ دەست کەوتبوون بە مایکرۆفلیم. کاک حەسەنی قازی پێبەپێ کۆپیی ٢٠-٢٥ ژمارەی لەوانە کە "ئەدمۆندز" دابوونی بە کتێبخانەی زانکۆی SOAS، کردبوو. کاک "نەوشیروان مستەفا ئەمین"یش، وەک جارێکی تر بۆ سۆراخ چووبوە کتێبخانەی کۆنگرێس، بۆی دەرکەوتبوو ئەو ژمارانەی وا لەوێ بوون، سووتێنراونو نەماون؛ هاوکات هەر خۆی لەلایەکی ترەوە وێنەی ٤٠-٥٠ ژمارەیەکی سەرەتای "کوردستان"ی پەیدا کردبوو و بردبوونیە لەندەن، ساڵی ١٩٩٦ دابوونیە کاک عەلی کەریمی. کاک حەسەنو دکتۆر ئەمیریش ژمارەکانی "کوردستان"ی لای خۆیان دابوە کاک عەلی کەریمی؛ ئەوانە بریتی بوون لە کۆپیی ژمارەکانی (١-٣٠؛ ٤١-٥٠، ٥٢-٦٢؛٦٦-٧٨؛ ٨٥)، واتە تێکڕا ٦٥ ژمارە بوون.

ساڵی ٢٠٠٤، لە ڕێی کاک "نەوشیروان مستەفا ئەمین"ەوە، کاک "عەلی کەریمی"مان ناسی. کاک نەوشیروان پێشنیاری کرد کاک عەلی ئەو ژمارە کۆپیکراوانەی "کوردستان" بهێنێتەوە بۆ وڵات، تا پێکەوە خەریکیان بین و ئامادەیان بکەین بۆ چاپ. ئەوەبوو، کاری ڕاست بێ، بە چەند جارێک هەمووی هێنایەوە. ئەوکاتە تازە (بنکەی ژین) دامەزرێنرابوو، بۆیە وا بڕیار درا وەک بەرهەمێکی بنکە لەچاپ بدرێ. هەتا بانگەوازێکی سێ قۆڵیش بە ناوەکانی (عەلی کەریمی، ڕەفیق ساڵح، سدیق ساڵح)ەوە لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"و "گۆڤاری "مەهاباد"دا بڵاو کرایەوە، داوای تێدا کرا هەر کەسێک ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیەی لەلایە، بە هیمەت بێ یا قیمەت، هاوکاری بکاتو بیانداتە بنکەی ژین تا زۆرترین ژمارەیان لێ کۆبکرێتەوەو وێنەیان بگیرێتەوەو ئامادە بکرێن بۆ چاپ. ئەمە دەقی بانگەوازەکەیە کە -بۆ مێژوو- ئەیخەینەوە بەرچاو:



بانگەواز

بۆ لەچاپدانەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد

خوێندەوارانی بەڕێز، ئێمە پێمان وایە کە ڕۆشنبیریو مێژووی کورد،، بە حوکمی نالەباریی هەلومەرجی کوردستانو لەبەر کەم دەربەستیی ڕۆشنبیران، خزمەتێکی شایانیان نەکراوەو تائێستا زۆربەی لایەنەکانیان بە شاراوەیی ماوەتەوە. یەکێک لەومەیدانە گرنگانە کە بەشێکی زۆری ڕاستیەکانی مێژوومانی وەک سەرچاوەی دەستی یەکەم تێدا پارێزراوە، ڕۆژنامەوانیی کوردییە. خۆشبەختانە چەند ساڵێکە، لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، بە بەرنامە کار بۆ ژیاندنەوەو سەرلەنوێ بەرچاوخستنەوەی ئەکرێو، لەم ڕووەوە کۆمەڵێک بەرهەمی بەنرخ خراوەتە کتێبخانەی کوردییەوە.

کارێک کە حاڵی حازر ئێمەیش لەم مەیدانەدا سێ قۆڵی دەستمان داوەتێ، زیندووکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی زمانی حاڵی جەمهووریی کوردستانە لە مەهاباد، کە تائێستا هەر ( ٦٦ ) ژمارەی لە کۆی دەوری ( ١١٢؟) ژمارەی بە لێبڕانو هیممەتی چەند دڵسۆزێک پەیداکراوەو، بەشێکی لەبەر نەبوونی دانەی ئەسڵیو چەندجار وێنەگرتنەوە ڕوونو وەکوو پێویست نییە.

جا بۆ ڕێزلێنان لە ماندووییو گیانی پاکی بەرپرسانو ڕۆژنامەوانانی ئەو ڕۆژنامەیەو سەرجەمی شەهیدانی ئەو کۆمارە کوردییەو، بۆ فەراهەمکردنی سەرچاوەیەکی دانسقەو گرانبەها بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەو ڕۆژگارەو، بۆ ڕزگارکردنی ئەم یادگارە مێژووییە لە فەوتان، خەمخۆرانەو بەپەرۆشەوە ڕووتان لێ ئەنێین بەدەنگمانەوە بێنو، ئەگەر هەر ژمارەیەکی "کوردستان" شک ئەبەن، یا ئەتوانن پەیدای بکەن، هاوکارو ڕێنوێنمان بنو یارمەتیمان بدەن؛ تا زۆرترین ژمارەو، ئەگەر بکرێ تێکڕای ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامە گرنگە بە پاکیو چاکی زیندووبکەینەوەو، بەڕێزەوە ناوتان بۆ مێژوو بهێنین، چاوەڕوانی هەموو یارمەتیو هاوکارییەکتان لێئەکەین. پێشەکیش سوپاس بۆ هەر هاوبەشییەکتان لەم پرۆژە نیشتمانییەدا.

سدیق ساڵح　　　ڕەفیق ساڵح
عەلی کەریمی
١١ی شوباتی ٢٠٠٤

وەختێک بەوردی تەماشای ئەو ژمارە کۆپیکراوانەی "کوردستان" کرا، دەرکەوت بەشی هەرە زۆریان ئەوەندە کالڕو بێداروبارو ناتەواون، کە مەگەر لە ناچاریدا، ئەگەر نا کەڵکی ئەوەیان نییە سەرلەنوێ سکانو خاوێن بکرێنەوەو وێنەی تەواویان لێ پەیدا بکرێ، بۆیە ئیش تێدا کردنی ڕاگیرا.

ڕووخانی ڕژێمی بەعس، دەرگای خێری لێ کردینەوە، چونکە پەیوەندیکردنەوە ئاسانترو گەرمتر بوو؛ ئەو بەڕێزانەی وا ناومان بردن، بە بەڕێز دکتۆر کەمال مەزهەریشەوە، لێبراوانەتر تێکۆشانو ڕوویان لە خاتوو بەهار خانی کچی ڕەحمەتی ڕەشید باجەلان تا ژمارەکانی "کوردستان"ی ناو کتێبخانەی باوکی، بۆ سکانکردنو لەچاپدانو بڵاوکردنەوە، بداتە (بنکەی ژین). خوا کاریان ڕاست بێنێ. سەرەنجام توانییان قەناعەت بە بەهار خان بهێنن کە داواکردنەکە بۆ کارێکی پیرۆزە.

ئیتر ئەوەبوو کە بەهار خان هاتە سلێمانی، لە ڕێی مامۆستا جەمال بابانەوە، پەیوەندیی پێوە کردین. لەنزیکەوە ئاگاداری ئامانجو کاروباری دەزگاکەمان بوو؛ وەک بەڵێنی دا، بەڵێنەکەی خۆی بەجێهێنا، لەپاڵ هێندێ ڕۆژنامەو گۆڤاری تردا، (٧٩) ژمارەی "کوردستان"ی تەسلیم بە بنکە کرد. ئەو ژمارانە زۆر بە چاکیو ڕێکوپێکیو خاوێن هەڵگیرابوون.

پاشان لەوکاتەوە دەست کرا بە سکانو پاککردنەوەی ئەو ژمارانە؛ تا ژمارە (٦٤) نەبێ کە کەمو زۆر لە قەوارەی تابلۆیدیدایە، ئەوانی تر لە قەوارەی ڕۆژنامەی گەورەدان. بنکە، سکانەری گەورەی نەبوو، بۆیە ئەمانەی دوایی بە دوو پارچە سکانو پاک کرانەوە، دواتریش هەر دوو پارچەکان لێک درانو کرانە یەک. دوای بەراوردکردن، دەرکەوت هەر سێ ژمارەی (٧٨، ٧٩، ٨٥) لەناو کۆپیکراوەکانی کاک "عەلی کەریمی"دا هەبوون، بۆیە خاوێن کرانەوەو خرانە تەک ئەو (٧٩) ژمارەیەو سەرجەم (٨٢) ژمارەیان لێ دەرچوو.

هەر لەناو ئەو کۆمەڵە ڕۆژنامەو گۆڤارەدا کە بەهار خان سپاردنی بە بنکە، پێنج ژمارەی ڕۆژنامەی "هاواری نیشتمان"یش دەرکەوتن، لەکاتێکدا پێشتر هەر وا زانرابوو کە یەک ژمارەی بە گۆڤار لێ بڵاو بووەتەوە؛ تەنیا ڕەحمەتی محەممەد شاپەسندی لە بیرەوەریە لەچاپنەدراوەکانیدا وتوویە بە ڕۆژنامەیش دەرچووە. بۆ ڕزگارکردنی لە فەوتان، بە چاک زانرا بکرێتە یەکەم پاشکۆی ئەم بەرهەمە. جگە لەوە، ئەم ماوەیە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەڕێی بەڕێز دکتۆر کەمال فوئادەوە خرایە ڕوو و ڕووناکیی دی. لەبەر ئەوەی بەیاننامەکە بایەخێکی مێژوویی زۆری هەیەو کاتی خۆی بە قەوارەیەکی گەورە بڵاو کراوەتەوە، دیسان وەک پێویست بینرا ڕەزامەندیی دکتۆر کەمال فوئادی بۆ وەرگیراو پچووک کرایەوەو کرایە دووەم پاشکۆ.

بایەخی ئەم شاکارە کە بنکە بە سەرتۆپی هەموو کارەکانی تائێستای خۆی ئەزانێ، لەوەدایە کە یەکەمجارە زۆرترین ژمارەی ئەم بەڵگەنامە مێژووییە گرانبەهاو دانسقەو خۆماڵییە ئەخرێتە بەردەستی خوێندەوارانو لێکۆڵەکان؛ ئەشێ پشت بەستوو بە "کوردستان" خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی حکوومەتی میللیی کوردستانو ئەو سەردەمەی مەهاباد بکرێ. "کوردستان" هەر لەوەبەتر لەبارێدیایە ببێتە سەرچاوەی دەستی یەکەم بۆ لێکۆڵینەوەی هەمەجۆری زمانەوانیو ئەدەبیو کۆمەڵایەتیو... .

نایشارینەوە، بنکەی ژین بەتایبەتی ئەم دواییە کەوتە بەر گلەیی هێندێ دڵسۆزو خەمخۆری نزیکی خۆی، لەسەر ئەوەی کە ژیاندنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردیی پشت گوێ خستووەو هەر خەریکی لەچاپدانی سەرچاوەی مێژوویی ترە. ئێمە ئەگەرچی ئەزانین ئەم گلەییە ڕاستیی تێدایەو لە بەدەربەستەوەهاتنی بنکە بەدەر نییە، بەڵام ناچار بووین، بۆ زیاتر خۆناساندن، ئەو کۆمەڵە کتێبە مێژووییەیش بخەینە بەردەست، کە دڵنیاین جێی شیاوی خۆیان ئەگرن. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەر ئەو ماوەیەی پێشوو بەدەم ئەو کارانەوە سەرقاڵی ئامادەکردنی کۆمەڵێک گۆڤارو ڕۆژنامەی تر بووین، کە هیوامانە ئیتر بتوانین بەرودوا لەچاپیان بدەینو بڵاویان بکەینەوە.

ئێمە کە ئەم ژمارانەی "کوردستان" ئەخەینە کتێبخانەی کوردییەوە، بەتەماین لەمەودوا ژمارەکانی تریشی بۆ چاپێکی تر پەیدا بکەین. بۆیە لێرەوە ئەرکی نەتەوەییو نیشتمانیی ئەو بەڕێزانەیە کە پاشماوەی ژمارەکانی "کوردستان"یان لەلایە، بەدەنگەوە بێنو هاوبەشی لە بەتەواوبوون گەیاندنی ئەم پرۆژەیەدا بکەن؛ پێشەکیش سوپاسی بەدەنگەوەهاتنو دڵسۆزییان ئەکەین.

بنکەی ژین          تەمووزی ٢٠٠٧

بۆ هەندێ ڕاستی سەبارەت بە سەرەتاکانی هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"، سوود لە نووسینێکی تایبەتی بەڕێز کاک عەلی کەریمی بەناوی (مێژوویەکی کورتی بیرۆکەی ئەم بەرهەمە)وە وەرگیراوە، سوپاسی ئەکەین.

ڕۆژنامەی "کوردستان"
مەهاباد، ١٣٢٤-١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦)
سدیق ساڵح

١.      ڕانانێکی گشتی:

١. ١ .ڕواڵەتی "کوردستان":

١. ١. ١ .ئامانجی:

"سەیید محەممەدی حەمیدی"ی سەرنووسەر لە (ژ١، ل١)دا ئامانجی ڕۆژنامەکەی، وەک ئۆرگانی ڕەسمیی حیزبی دیموکراتی کوردستانو حکوومەتی میللیی کوردستان، بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕوون کردوەتەوە؛ تەماشاکردنێکی خێرای ئەم ژمارانەی بەردەست، ڕاستیی ئەو بیرو بۆچوونە ئەخاتە ڕوو:

))لەم کاتەدا کە خاکی کوردستان لە هەموو وەختێک زیاتر پێویستی فیداکاریی کوڕەکانیەتی؛ لەو ئانەدا کە هەموو نەتەوەکانی گێتی بۆ ڕاگرتن، بۆ وەدەستهێنانی سەربەستیو ئازادیی خۆیان وە بۆ وەدەسخستنی وەسائیلی پێشکەوتنی هاونیشتمانەکانیان دەتەقەلادان؛لەم وەختەدا کە هەموو نەتەوەکانی عالەم غەیرە سەربەستیو گەورەیی نیشتمانەکەیان ئامانجێکیان نییەو بە شەوو بە ڕۆژ بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە هەوڵ دەدەن؛ ئێمە خەریکی چینو ئامانجمان چییە ؟

پاش چەندین ساڵ دەربەدەریو سەرکزیو بەندو تێهەڵدانی بێژمارو قوربەسەریو هەژاری، لەپاش ئەوەی بە ئیشارەتی دوژمنان بە نێوی مەنگوڕو مامەشو زەرزاو دێبوکریو گەورکو گەڵباغیو... کەوتبووینە گیانو ماڵی یەکتر، خوێنی یەکترمان دەمژیو دەڕشتو بۆ قازانجی شەخسیی خۆمان هیچ شتێکمان نەدەهاتەوە بەرچاوو هەر خەریک بووین دووبەرەکیو تەفرەقە بخەینە نێو یەکتر؛ بەکورتی پاش ئەوەی هیچ وەختێک لەبیری هاونیشتمانی خۆماندا نەبووینو لە تەپوتۆزی زەمانەدا بە غەیری نەفعی خۆمان بیرێکمان نەبوو و دوژمنەکانمان نەیاندەهێشت بە زمانی خۆمان بخوێنینو لە تیشکەی زانستی دەورەی بیستەم بێبەش کرابووین، بیری سەربەستی لەلامان خەیاڵی پووچ بوو و ئەوانەش کە بیرێکیان هەبوو کەم بوون، بەتایبەتی غوولی ئیستیبدادی ڕەچا خان بە جارێک پشتی ئێمەی شکاندبوو، پیاوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان یا کوژران یا لە شیرازو تارانو خۆراساندا بەند کرابوون. لەوکاتەدا کە ژیللەتو دەربەدەری بە نوقطەی ئاخر گەیشت، خودای بەرز هاتە سەر ڕەحمو بەزەیی بە ئێمەدا هات.



شەهریوەری ١٣٢٠ هاتە پێش. ئێمە لە زنجیری دیلی ڕزگاریمان بوو و دەستی بەستراومان کراوە، چاوی نوستوومان وەخەبەر هات. کۆمەڵێک لە لاوانو گەنجانی کوردستان کۆبوونەوە، دەستی برایەتیو یەکیەتییان دا دەس یەک، بێوچان سەعییان بە خەرج دا تا حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بەوجوود هێناو هەر بەرهەڵستو خائینێک کە لەناو کوردستاندا هەبوو، لەنێویان هەڵگرت؛ حیزبی دێموکرات لە مەودایەکی کەمدا توانیی لکی خۆی لە تەواوی شارەکانی کوردستانی ئێراندا بکاتەوە. ئێستا لە کوردستاندا نێوی مەنگوڕ و مامەشو زەرزاو دێبوکریو... و هەر پیتێ کە بۆنی جودایی لێ بێ، ناکوترێ. هەموو بە یەک دەنگ دەڵێن ئێمە کوردین کوردمان دەوێ، ئیمڕۆ سەرکزیمان بە سەربڵندیو هەژاریمان بە دەوڵەمەندیو دووبەرەکیمان بە یەکێتی گۆڕیوەتەوە.هاونیشتمانان بە چاوێک تەماشا دەکەینو هەموومان بۆ میللەت کار دەکەینو بە زمانی شیرینی کوردی دەخوێنین، ئەخلاقی خەراپمان گۆڕیوەتەوە بە ئەخلاقی چاک.

ئێمە کە بە دڵمانا نەدەهات خاوەنی چاپخانەو ئینتیشارات بین؛ ئەوا بە یارمەتیی خودا نامەی کوردستان داندراو هەووەلڕ ژمارەی بڵاوکراوە. ئەم نامەیە کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاودەبێتەوە، دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتیحادو برایەتی بێنینە بەرهەم کە بناغەکەی بە زانستو هونەرو لەشساغی داندرابێو بتوانێ دەگەڵڕ سێڵاوی دووبەرەکیو بێدینیو هەموو جۆرە ڕەوشتێک کە بۆ سەربەستی چهرەر بێت، بەربەرەکانی بکا. هیوامان وایە ئەم قەڵایەی کە خەریکین قایمی بکەین، وەها قایمو بەهێز بێت کە هیچ هێزێک نەتوانێ بەربەرەکانیی لەگەڵا بکا.))

١.   ١. ٢. مودیری مەسئوولو هەیئەتی نووسەران (تەحریرییە):

"کوردستان"، بە گۆڤارو ڕۆژنامەوە، هەر لەسەرەتاوە سەیید محەممەدی حەمیدی مودیری مەسئوولو سەردەبیری بووە؛ لە (جێژنی کردنەوەی ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان: ژ٣، ل٤)دا بە ڕەسمی ئەو لێپرسراوێتیەی پێ سپێردراوە. تا (ژ٨٨)یش نووسینو وتاری هەیە.

مامۆستا سەعید ناکام لە بیرەوەریەکانیدا نووسیویە: کە هاوینی ١٩٤٦ هاتووە بۆ مەهاباد، مانگێکی پێچووە هیچ ئیشێکی نەدراوەتێ. دواتر بە داوای سەیید محەممەدی حەمیدیو ڕەزامەندیی قازی محەممەد کراوە بە لێپرسراوی چاپخانەو ڕۆژنامەکە، سەیید محەممەدیش چووەتەوە بۆ دائیرەی ئامار . لە چاوپێکەوتنێکیشدا وتوویە: ((من درەنگ گەیشتمە کۆمار، تەقریبەن نزیکی نەوەد ژومارەی لێ دەرچووبوو]واتە لە "کوردستان"[ کە من چووم)) .

سەرچاوەیەکی تر شک نابرێ ئەم زانیارییەی جەخت کردبێتەوە، تەنانەت "محەممەد شاپەسندی"ی کارگەرێکی دیاری چاپخانەی کوردستان، وەک شایەتحاڵێکی ئاگادار، شتی وای لەبیرەوەریەکانیەنەوتوە. ئەم ژمارانەی بەردەستیش لە "کوردستان" ئاماژەیەکی لەو جۆرەیان لەناودا نییە، لەکاتێکدا وەزیفە گۆڕینی چەند کاربەدەستێکی تری ئەو ڕۆژگارەیان تێدا بڵاوکراوەتەوە. جگە لەوە، هیچ بابەتێکیشیان بەناوی "سەعید ناکام"ـەوە تێدا نابینرێ. لەکاتێکدا ناوبراو لە (گۆڤاری "کوردستان"، ژمارە ٦-٧، پووشپەڕ-سەرماوەزی ١٣٢٥، ل ١٢-١٥) دا بەناوی "ناکام"ـەوە شیعری (ئازادیم دەوێ)ی هەیە. پاشان ئەوەندەی زانراوە، لێپرسراوێتیی چاپخانەو ڕۆژنامەکە هەر لە سەرەتاوە جیا بووەو دوو کەس هەڵیان سووڕاندووە، نەک یەکێک پێکەوە هەردوکیانی بەڕێوە بردبێ. لەبەرئەوە، ئەم خاڵە، تا دەستکەوتنی پاشماوەی ژمارەکانی ترو بەڵگەی تری بڕواپێکراو، هەر لە گوماندا ئەمێنێتەوە.

هەرچی دەستەی نووسین (هەیئەتی تەحریرییە)ی ڕۆژنامەکەیشە، نەزانراوە ئەندامەکانی کێ بوون؛ تەنیا هاشمی خەلیل زادە وەک ئەندامێکی ناسێنراوە (ژ١٩، ل٤). زۆر ڕێی تێئەچێ حەسەن قزڵجیو دڵشادی ڕەسووڵیو عەبدوڕەحمان زەبیحیو هێمنو هەژارو محەممەد تۆفیق وردی، دواتر ئیبراهیم نادریش، بەپێی بەشداریی گەرمو تاڕادەیەک بەردەوامیان بە نووسین، لەو هەیئەتەدا بووبن.

بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٦١، ٦٣.

محەممەد ئەحمەدیان، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، "مەهاباد" (گۆڤار)، مەهاباد، ژ٤٩، ساڵی پێنجەم، خاکەلێوەی ١٣٨٤، ل١٤-١٥.

١.   ١. ٣. شێوە:

سەراوردی یەکەم لاپەڕە لە پانتاییی (٦,٢  ٢٣سم)دا، کە درێژییەکەی لە ژمارە (٦٥)ـەوە بووە بە ٣٠سم، لە ناوەڕاستدا ناوی "کوردوستان"و لە سەرووییەوە (بەنێوی خودای بەرزو بێهاوتا)و لە خواریەوە ناونیشانی (بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان) هەن. چوارگۆشەی لای ڕاستی ناوەکە (کوردستان لەلایەن هەیئەتی تەحریرییە دەردەچێ)، هی لای چەپ (ئابوونمان: یەکساڵە ٣٠٠ ڕیالڕ، شەش مانگە ١٦٠ ڕیالڕ، دانەی ١ ڕیالٚ)ی تێدا نووسراوە. شریتی (١سم) پانی درێژایی باری پانیی لاپەڕەکە، بە ڕیز لە ڕاستەوە (ژمارە، ساڵی یەکەم، ڕۆژی حەفتە، ڕۆژو مانگو ساڵی هەتاوی، ڕۆژو مانگو ساڵی زاین)ی تێدا جێ کراونەتەوە.

ناوەکە، لە ژمارە (١٠)وە تاسەر بووە بە "کوردستان"؛ ناونیشانەکە، لە ژمارە (٦٥) بەدواوە بووە بە (ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان)؛ (بەنێوی خودای بەرزو بێهاوتا) لە ژمارە (٢٧)ـەوە بەیەکجاری هەڵگیراوە. هەردوو چوارگۆشەکە لە ژمارە (٦٥)ـەوە کراوە بە لاکێشە، هی لای ڕاست (ڕۆژی حەفتە، ڕۆژو مانگو ساڵی هەتاوی)و (هەیئەتی نووسەران وەدەری دەخەن) لەژێریدا نووسراوە؛ هی لای چەپ (ژمارە، ساڵی یەکەم، دانەی قڕانێک)و (لە چاپو دەست لێدانی وتاردا ئازادین) لەژێریدا نووسراوە. ئیتر شریتەکە، کە لە ژمارە (٢٣)وە ڕۆژو مانگو ساڵی کۆچیشی تێخراوە، نەماوەو کراوەتە ڕاستەهێڵێکی ئەستوور.

لە ژمارە (١٨)وە ناوی "کوردستان" لە گۆشەیەکی بچووکی بەشی سەرووی دەستە ڕاستی لاپەڕە (٤)دا دانراوە؛ لە ژمارەکانی (٣٦، ٥٤، ٦١، ٦٤، ٦٦، ٦٧)دا نییە. لە ژمارە (٥٣-٦٤)، (ئابوونمان)ی ناو چوارگۆشەی دەستە چەپ وای لێهاتووە (یەکساڵە ١٥٠ ڕیالڕ، شەش مانگە ٨٠ ڕیالڕ، دانەی ١ ڕیالڕ)؛ ئەوەبەدوا شوێنەکەی جێگۆڕکێی پآکراوە، لە (ژ٦٥، ل٤؛ ژ٦٦، ل٣)دا بووە بە (یەکساڵە ١٥٠ ڕیالڕ، شەش مانگە ٨٠ ڕیالڕ، سآ مانگە ٤٠ ڕیالڕ)؛ لە (ژ٧٥، ل٤؛ ژ٧٦، ل٤)یشدا بووە بە (وەرزێک ١٥٠ ڕیالڕ، شەش مانگ ٨٠ ڕیالڕ، دانەی ١ ڕیالڕ). ژمارەکانی تر ئەو زانیارییەیان تێدا نەماوە.

ئەم ڕۆژنامەیە بە چوار پێوانەی جیاوازی لاپەڕە دەرچووە: ژمارەکانی (٣٣، ٣٤، ٣٨، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠) نەبآ کە پێوانەی لاپەڕەیان (٢٧  ٤٦سم)و تێکست (٢٤  ٥.٤٤سم)ە، لە ژمارە (١-٦٤) پێوانەیان (٢٨  ٤٢سم)و تێکست (٢٤  ٣٦سم)ە؛ ژمارەکانی (٦٦، ٨٧، ٨٨، ٩٢) نەبآ کە (٣٤  ٤٨سم)و تێکست (٣٠  ٤٥سم)ن، ئەوانی تر لە (٦٥-٧٧) (٣٤  ٥٢سم)و تێکست (٣٠  ٤٥سم)ن.

لاپەڕەکان، سەروبەر تا (ژ٥٤) بە ٣ یا جاروبار بە ٢ ستوون پڕاوپڕی درێژایی لاپەڕە داڕێژراون؛ لە (ژ ٥٥)ـەوە ٤ ستوون هەیە، لە (ژ٦٥)یشەوە لێرەو لەوآ ٥ ستوونیان تێدا لێدراوە. ستوونەکان، پانییان جیاوازو گۆڕاوە لە (٣,٥سم)ـەوە بۆ (١١ سم)؛ هێڵەکانی نێوانیشیان وەکوو پێویست ڕێکو ڕاست نین. جاروبار شێوەکەیان لە ڕووی ئەندازەییەوە نارێکوپێکە. مانشێت لە ڕۆژنامەکاندا نییە، بەڵام لە ژمارەکانی (١٠، ١١، ١٢، ١٤، ١٥، ١٧، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٣٠، ٣١، ٣٣، ٣٥، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤١، ٤٢، ٤٤، ٤٥، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٥، ٥٧، ٦١)دا ناونیشانی وتارێکی گرنگ یا ڕاپۆرتە هەواڵێک بە گەورەیی خراوەتە بەشی سەرەوەی ناوەڕاستی یەکەم لاپەڕە. ژمارەکانی تر ئەوەیان نییە، ڕەنگە ئەوە چاولێکەریی نەریتێکی باوی ڕۆژنامەوانیی تەورێزو تاران بآ.

١. ١. ٤. دەرچوون:

کوردستان، یەکەمجار بە شێوەی گۆڤار ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە؛ یەکەم ژمارەی لە سەرماوەزی ١٣٢٤ (کۆتاییی تشرینی دووەمی ١٩٤٥) دەرچووە. تا بووە بە ڕۆژنامە، دووەم ژمارەی بە گۆڤار لە هەمان مانگ (٢١ی دیسامبری ١٩٤٥)دا بڵاو بووەتەوە. دواتریش هەر پآبەپآ بە گۆڤار درێژەی هەبوە.

"کوردستان"، وەک ڕۆژنامە لە ناونیشانەکەیدا دیاری نەکراوە ئاخۆ ڕۆژانە یا نیو حەفتانە یا حەفتانە یا لە هەر وادەیەکی تردا دەرئەچآ، لەڕاستیدا لە وادەی جیاجیادا دەرچووە، وەک لەم لیستەدا نوێنراوە:



| ژمارە | ڕۆژی حەفتە | هەتاوی | زاینی | کۆچی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پێنجشەمموو | ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ | ١١ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٢ | شەمموو | ٢٢ی بەفرانباری ١٣٢٤ | ١٣ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٣ | دووشەمموو | ٢٤ی بەفرانباری ١٣٢٤ | ١٥ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٤ | چوار شەمموو | ٢٦ی بەفرانباری ١٣٢٤ | ١٧ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٥ | شەمموو | ٢٩ی بەفرانباری ١٣٢٤ | ٢٠ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٦ | دووشەمموو | ١ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٢١ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٧ | شەمموو | ٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٢٦ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٨ | دووشەمموو | ٨ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٢٨ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٩ | شەمموو | ١٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٢ی فیوریەی ١٩٤٦ | |
| ١٠ | دووشەمموو | ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٤ی فیوریەی ١٩٤٦ | |
| ١١ | چوارشەمموو | ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٦ی فیوریەی ١٩٤٦ | |
| ١٢ | شەمموو | ٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٩ی فیوریەی ١٩٤٦ | |
| ١٣ | دووشەمموو | ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ١١ی فیوریەی ١٩٤٦ | |
| ١٤ | چوارشەمموو | ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ١٣ی فیوریەی ١٩٤٦ | |
| ١٥ | شەمموو | ٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ١٦ی فیوریەی ١٩٤٦ | |
| ١٦ | دووشەمموو | ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ١٨ی فیوریەی ١٩٤٦ | |
| ١٧ | چوارشەمموو | ١ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٢٠ی فیوریەی ١٩٤٦ | |
| ١٨ | شەمموو | ٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٢٣ی فیوریەی ١٩٤٦ | |
| ١٩ | دووشەمموو | ٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٢٥ی فیوریەی ١٩٤٦ | |
| ٢٠ | چوارشەمموو | ٨ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٢٧ی فیوریەی ١٩٤٦ | |

ماویەتی بۆ بەشی دووەم لە ژمارەی ٤٦


**YADNAMEیادنامە**

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردیەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.



Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703





